www.kurdistannet.org 14-5-2003

BASERÊ

# باسەرە

هەفتانەیەکی سیاسی، ڕۆشنبیریی گشتییە، دەزگای شەفەق لە کەرکووک دەری دەکات

## کوردەکانی کەرکووک داوا دەکەن عارەبی هاروەدە بگەڕێنەوە جێی خۆیان

تا ئێستا چەند جارێک قوتابیانی کەرکووک و کەسوکاری ئەنفال و دەرکراوەکانی کەرکووک و گەلێ چین و توێژی دیکەی خەڵکی کەرکووک ڕێپێوانیان بۆ بەردەم پارێزگا و ئیدارەی شاری کەرکووک ڕێکخستووە، بەشداربووانی ڕێپێوانەکان داوایان دەکرد کۆنە بەعسییەکان لە هیچ پۆستێکی بەرپرسایەتیدا نەمێنن و عارەبی هاوردە کە لەسەر خاکی کورددا نیشتەجێ کراون و خێروبێری کەرکووکیان بەناهەق خواردووە، ڕەوانەی شوێنی ڕەسەنی خۆیان بکرێنەوە و سەرجەم ئەو کەرکووکیانەی لەسەر زێد و ماڵ و حاڵی خۆیان دەرکراون. بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و ئاسانکارییان بۆ بکرێت و قەرەبووی زیانی چەندین ساڵ ئاوارەیی و دەربەدەرییان بۆ بکرێتەوە.

ژمارە: ٣ چوارشەممە ١٤ ئایار ٢٠٠٣ ٢٤ گوڵان ٢٧٠٣ نرخ ٢٥٠ دیناری چاپ لە کەرکووک (٢) دینار لە شارەکانی دیکەی کوردستان Issue. 3 Wednesday - May, 14,2003

# ئەمریکا و کورد پێکەوە کێشەکانی تەعریب چارەسەر دەکەن

گەورەترین کێشەی شار و گوند و دەڤەرە تازە ئازادبووەکانی کوردستانی عیراق تەعریبە، لە ئاکامی دەیان ساڵی پیادەکردنی سیاسەتی بەعەرەب کردنی کوردستان، دەیان هەزار خانەوادەی کورد و سەدان هەزار کوردی کەرکووک و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەسەر زێدی باب و باپیرانیان هەڵکەندران و بەرەو شوێنانی دیکە ئاوارە و دەربەدەر کران.

دوای گۆڕانی دۆخەکە و ئازادبوونی عیراق، بەشێکی زۆر لە عەرەبی هاوردە زەویوزار و ماڵ و موڵکی داگیرکراوی کوردیان بەجێ هێشت و بەرەو شوێنی ڕەسەنی خۆیان گەڕانەوە. هاوکات ژمارەیەکی زۆر لە عارەبی هاوردە بۆ مانەوەیان لەسەر ماڵ و موڵکی کورد پێداگیری دەکەن و تا ئێستا لە کوردستاندا ماون و نەگەڕاونەتەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە هەرێمی عارەبنشینی عیراق، مانەوەی ئەوانیش کێشەیەکی گەورە لە بەردەم گەڕانەوەی کوردە راگوێزراو و دەربەدەر کراوەکان دەنێتەوە.

حکومەت و پەرلەمانی کوردستان، هەروەها تێکڕای هێزە سیاسییەکانی کورد و کوردستان هاوبۆچوونن لە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەدا، کە دەبێ سەرجەم ئەو هاووڵاتیانەی لە کەرکووک و شوێنانی دی لەسەر دەستی ڕژێمی بەعس دەرکراون، بگەڕێنەوە جێ و ڕێی خۆیان و قەرەبووی زیانەکانیان بکرێتەوە.

حکومەتی ئەمریکا کە ئێستا دەسەڵاتی لە سەراپای عیراقدا بەرقەرارە و لایەنێکی سەرەکیی بەرپرسە لە چارەسەرکردنی ئەو گرفت و کێشانەی ڕژێمی بەعس دروستی کردبوون، لیژنەیەکی بە ناوی (لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان) پێک هێناوە، ئەو لیژنەیە (بیل ئیگلتن) باڵیوزی پێشووی ئەمریکا سەرۆکایەتی دەکات و ئەرکی چارەسەرکردنی کێشەکانی تەعریبی لە ئەستۆدایە.

ڕۆژی ٥/١١ نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەگەڵ ئەندامانی لیژنەکە لە هەولێر کۆبووەوە، لایەنی کورد لەو کۆبوونەوەیەدا جەختی کردە سەر مافی گەڕانەوەی تێکڕای تەرحیل و دەرکراوەکانی کورد لە کەرکووک و تێکڕای شوێنەکانی دیکەی کوردستان، حکومەتی کوردستانیش بۆ سەرخستنی پلان و بەرنامەی هەرچی زووتر گەڕانەوەی خەڵکی دەرکراوی ئامادەیە هاوکاریی لیژنەی بەدواداچوونی ڕاستییەکان بکات.

ڕۆژی ٥/١٢یش (بیل ئیگلتن) و ئەندامانی لیژنەکە سەردانی شاری کەرکووکیان کرد، لەوێدا دیدار و کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی کەرکووک و ژمارەیەک لە خەڵکی دەرکراودا کرد، هەروەها لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا (ئیگلتن) ڕایگەیاند: هەموو دەرکراوێک مافی خۆیەتی بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، بەڵام دەبێ گەڕانەوەکە بە بەرنامە بێتەدی، نەک بە دەمارگیری و زۆرداری.

## کەرکووک و دەوروبەری بە دەستی بەعس نقومی نێو گۆڕی بە کۆمەڵ کراوە



بەعس کەلتوورێکە لەسەر بنەمای وێران کردن و زەبروزەنگ و قڕکردن ڕاوەستا بوو، دەستی دەسەڵاتی لە هەر شوێنێکدا باڵا بوو بێت، شار و گوندی خاپوور کردووە، خەڵکی چەوساندووەتەوە و خاکی کردووەتە بیابان و بێ لایەن و نەیارانی خۆی قەڵاچۆ کردووە.

لە سایەی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی عیراق بە گشتی و کورد بە تایبەتی بە بیانووی جۆراوجۆر قڕکراون، دوای نەمانی ئەو ڕژێمە ئێستا لە هەموو گۆشە و سووچێکی عیراقدا گەلە گۆڕ دەدۆزرێتەوە، کە بە دەیان و سەدان و هەزاران خەڵکی سڤیل و بێ دیفاعیان تێدایە.

کەرکووک یەکێکە لەو شوێنانەی کوردستان کە ڕووبەڕووی دڕندانەترین شێوازی سووتماک و قڕکردن هاتووە، دژوارترین شاڵاوەکانی ئەنفال لە گەرمیانی سەر بە کەرکووک بەرپا کرا، بۆیە لە یەکەمین ڕۆژانی ئازادبوونی عیراقەوە تا ئێستا چەندین گەلە گۆڕ لە شوێنی جیاجیای کەرکووکدا دۆزراونەتەوە.

ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/٨ لە نزیک گوندی (ساری تەپە) لە باشووری شاری کەرکووک دوو گەلەگۆڕ دۆزرانەوە، یەکێکیان (٥٠) تەرم و ئەوی دیکەشیان (١٠٠) تەرمی تێدا بوو، کە دوای ئەوەی گوللەباران کراون، خۆڵ و گڵیان بەسەردا کراوە.

شایەد عەیانەکان دەڵێن ئەو (١٥٠) کەسەی نێو ئەو دوو گەلەگۆڕە کوردن و دوای دامردکاندنەوەی ڕاپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیرابوون.

جگە لەوەی تائێستا لە دەوروبەری سەربازگەی تۆبزاوە لە باشووری ڕۆژئاوای کەرکووک دوو گەلەگۆڕ دۆزرایەوە، کە هەریەکەیان چەند هەزار کوردێکیان تێدا شاردراوەتەوە، لە گۆڕستانی شێخ محێدین و لە نزیک نەخۆشخانەی ئازادی و لە دەوروبەری ناوچەی پیشەسازیی کەرکووک گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزراونەتەوە و دەیان و سەدان ژن و منداڵ و پیاویان تێدا شاردرا بووەوە.

ئەمە لە کاتێکدا مەزەندە دەکرێت گەلێ گەلەگۆڕی دی لە کەرکووک و دەوروبەریدا بدۆزرێتەوە، ڕێکخراوی (هیومان ڕایتس وۆچ) کە پەیوەستە بە مافەکانی مرۆڤ و دەست نیشان کردنی ئەو پێشێلکاریانەی دەرهەق بەو مافانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەکرێت، داوای کردووە بەرنامە بۆ پاراستنی ئەو گەلە گۆڕانە دابڕێژرێت.

## بۆ وەرگرتنەوەی موڵک و ماڵی خەڵکی کەرکووک

# بەم نزیکانە بڕیارێک دەردەچێت


ئاژانسەکانی هەواڵ لە زاری بەرپرسێکی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕایانگەیاند، بەم نزیکانە بڕیارێک دەردەچێت بۆ گەڕاندنەوەی ئەو موڵک و ماڵەی کاتی خۆی ڕژێمی بەعس دەستی بەسەردا گرتبوون. بەپێی ئەو بڕیارە کوردەکانی کەرکووک هەر موڵک و ماڵ و سامانێک کە لێیان زەوت کراوە، وەری دەگرنەوە.

کەمال کەرکووکی بە ئاژانسی (فرانس پرێس)ی ڕاگەیاند: بابەتی ئەو خانەوادە عەرەبانەی ڕژێمی پێشوو لە شوێنە جیاجیاکانەوە بۆ گۆڕینی باری دیمۆگرافیای شار بۆ کەرکووکی هێنابوون، لەم ڕۆژانەدا دەخرێتە بەر لێکۆڵینەوە و گفتوگۆ. واش چاوەڕوان دەکرێت بڕیاری دروست و شیاویان دەرهەق بدرێت.

بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی تەعریب و وەدەست هێنانی مافی ئەو خەڵکەی لە کەرکووک و دەوروبەری دەرکراون، شەممەی ڕابردوو سەدان کەس لەو کوردانەی ڕژێمی بەعس لە کەرکووک دەری کردبوون، ڕێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم پارێزگای کەرکووک ڕێک خست و داوایان دەکرد، هەرچی زووترە بگەڕێنەوە سەر جێ و ڕێی خۆیان و عارەبی هاوردەش بەرەو شوێنی ڕەسەنی خۆیان بگەڕێنەوە.

## ئیسماعیل خەیات

# بە پیشانگایەک یادی ئەنفال دەکاتەوە




لەم هەفتەیەدا ئیسماعیل خەیات پێشانگای (ئاوێزان بوونی ڕوخسارەکان و سروشت)ی لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی کردەوە... لەم پێشانگایەدا کە بەپشتیوانیی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ڕێک خراوە، ئیسماعیل خەیات هەوڵیداوە هەندێ لە ڕازی خەفەکراوی ئەنفالەکانی کوردستان بە ڕەنگ و ڕوخساری شێواو دەرببڕێ. ئەو ماسک و دەمامکانەی لە پێشانگاکەدا نمایش کرابوون کەرەستە و تەکنیکی هەمەجۆریان تێدا بەکار هێندرا بوو، لەبەر ئەوەی ڕازی ئەنفالەکان ڕازێکی تا ئێستا و ڕەنگە تا ئەبەدیش هەر پەنهان بێ، بۆیە ئیسماعیل خەیات شێوازەکەی بە لای تەجریددا بردووە.

## شار

شار وەک چەمکێکی شوێنی و زاراوەیی، وەگەڕخستنی چالاکییە مرۆییەکانە و بنیاتنانی پەیوەندییەکی بەرژەوەندئامێزی کۆمەڵایەتی و بازرگانی و پیشەسازی و کردە ئابوورییەکانی دیکەیە. لە پاڵ ئەمانەشدا سیمای جوانکاری و هزری و هونەری و لایەنە مەعنەوییەکانی دیکەش پەرەدەسێنێت. ئەمانەش هەموو بەردەوام لە نوێ بوونەوەدان و گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئیدی پەیوەندییە هەمەجۆرەکانی خەڵک بەرەو فراوانبوون و ئاڵۆزبوون دەچن، لێرەشەوە دەگەینە چەمکی شارستانێتی؛ شارستانێتی لە عەقل و کردە و هەردوو باری مەعنەوی بەرجەستەییەوە.

لە شار و (ستان)ەوە دەگەینە چەمکی شارستان و خەڵکی شار، خۆ ئەگەر پارچە وشەی (یّتی)یشی بخەینە سەر چەمکی زاراوەکە فراوانتر دەبێت (شارستانێتی)، شارستانێتی لە ئاوەز و لە کردار. لێرەوە گەرەکە بیر لەوە بکەینەوە، ئاخۆ مێژووی شارستانێتی ئێمە چ گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە؟ بیر لەوەش بکەینەوە ئەمێستا ئێمە لە قۆناغی دوای تێکدان و هەڵوەشاندنەوە و سڕینەوەی سیمای شارستانێتین، پێویستمان بەخۆبنیاتنانەوە هەیە، تا جارێکی دیکە لە خاڵی سفرەوە دەست پێبکەین و شارستانێتییەکی نوێ دروست بکەین، لە هەموو ڕوویەکەوە نوێ و هاوکات ڕەسەن و تۆکمە، چونکە ئەو پێشکەوتنەش بەنەفەسی ڕەسەنایەتییەوە پێ هەڵنەگرێت، ئەوا لەو ڕەوتە دوا دەکەوین کە ئەمڕۆ دنیا لە میانەی زاراوەگەلی (مۆدێرن و پۆست مۆدێرن و جیهانگەرایی)ەوە هەنگاوی بەرین دەنێن.

لە یاری کوردەواریشدا (شار) بەو چەقی شوێنە دەوترێ کە منداڵان لە پێشبڕکێی بردنەوەدا دیاری و دەستنیشانی دەکەن، ئیدی ئەوەی لەپێش هەموانەوە بگاتە ئەو شوێنە دیاری کراوە (شار)، ئەوا یارییەکەی بردووەتەوە و لە هەموان پێشکەوتووتر بووە. ئەمە وەک چەمک و پێناسەی (شار)، وەک دیکەش هەر لەم ڕوانگەیەوە هەر کارێک بەئاوەز و بازوو بکرێ پێویستی بە(شار) هەیە، واتا بەرنامەی کاری بۆ دیاری و دەستنیشان بکرێ، تا لەسەر ئەو ڕێ و شوێنە و دوور لە شاش و واشی ژیانی خەڵکی وڵاتەکەمان ڕێک بخرێ، دەنا بەبێ (شار) ناتوانین لەگەڵ ڕەوتی نوێی دنیای ئەمڕۆ هەنگاو هەڵێنین، بەڵکو هەر شوێن پێی خۆمان دەکوتینەوە.

دەبا بۆ هەر کارێک شارێک دابنێین و چاوەڕوانی پەرجوویەکی نادیار نەکەین، با ئاوەز و دەستی خۆمان بنیاتنەری ئەو شارستانێتییەبن. کەرکووک شار و بەرنامەی کاریشمان شارە.

**سەرنووسەر**

ل٢ هەواڵەکانی کەرکووک... لە ئینتەرنێتەوە

ل٣ کەرکووک و ئازادی

ل٤ خانەقین لە بەهاری ئازادیدا

ل٥ قەڵای کەرکووک... شارۆچکەیەکی فەرامۆش کراو

ل٦ چەند دانە مرواریەک لە (جەلیل قەیسی)یەوە

ل٧ ٢٩ ساڵ دەربەدەری کرونووشێک بۆ خاکی پیرۆز


www.kurdistannet.org 14-5-2003



# ئەنفال و...

# پیادەکردنی سیاسەتی جینۆساید و قڕکردنی مرۆڤی کورد لە نێوان پرۆسەی پاکتاوی ڕەگەزی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی

حەمە ئەحمەد جاف



زنجیرە شالاوی بەدناوی (ئەنفالی کورد) وەک چنگێکی تیژ و ژاراوی دیکتاتۆریەت و چەتاڵی هزری وەحشیەتگەری و تۆتالیتاری ڕژێمی بەعسی تاوانخوازی عێراق دژ بە گەلەکەی... گوایە بە مەبەستی سڕینەوەی ناسنامە و مۆرکی نەتەوەیی و پاکتاوکردنی ڕەگەزی لە ڕێگای پیادەکردنی سیاسەتی جینۆساید و قڕکردنی مرۆڤی کورد... کە سەرەتا بە پشت بەستن و پەنابردنە بەر یەکێک لە ئایەتە پیرۆزەکانی سوڕەتی (ئەنفال) بەپێی پلان و نەخشەیەکی تۆکمەی داڕێژراوی ژاراوی مەرگچێن بەهەشت قۆناغی جیاجیای وەک (ئەنفال و کیمیاباران و تەعریب و تەرحیل و تەهجیر)، کە لە ٢٣ی شوباتی ساڵی ١٩٨٨وە دەستی پێکرد و تا ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ بەردەوام بوو... هاوکات ئەو شالاوە شووم و ڕەشە مەرگچێنەش کە لە لایەن ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆر دەرهەق بەخەڵکی بێ دیفاع و مەزڵومی کورد ئەنجام درا، کە تیایدا چەند هێزێکی هەڵبژاردەی مەشق پێکراوی گاردی کۆماری و هەردوو فەیلەقی یەک و پێنجی باکوور و فەیلەقی چواری ناوچەی هۆڕ و زۆنگاوەکانی باشوور و هێزی مەغاویر و قوات خاسە و مەفرەزە تایبەتییەکانی ئەمن و تەواری و موخابەرات و ئیستیخباراتی مەدەنی و عەسکەری و جەیشی شەعبی، بە هاوکاری و شارەزایی و پسپۆڕیەتی فەوجەکانی دیفاعی وەتەنی (جاشەکان)... بە پاڵپشتی فڕۆکە و چەک و تەقەمەنییەکی زۆری سووک و قورسی جەنگیی... وەک تانک و تۆپ و هەلیکۆپتەر و تا دەگاتە (چەکی کیمیایی)ش... لەو پرۆسە دڕندانەیەدا بەکار هات...

## قۆناغەکانی ئەنفال

قۆناغەکانی جێبەجێ کردنی ئەو شالاوەش، بریتی بوو لە گردکردنەوەی دانیشتوانی بێ دیفاعی کوردستان لە ناوچەکانی قەرەداخ و کفری و دەربەندیخان و سلێمانی و کەرکووک و موسڵ و دەشتی کۆیە و قەراج و گوێڕ و زینداني کردنیان لە گرتووخانە و سەردابە ڕەشەکانیاندا، بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ شوێن بزرکردن و لەناوبردنیان بە چەند شێوازێکی دڕندانەی جیاجیای جینۆساید و قڕکردن... ئەم پرۆسە وەحشیگەرییەش وەکو ئاماژەی پێدرا بە(٨) قۆناغ ئەنجامدرا یەکەم قۆناغ لە ٢٣ی شوباتی ١٩٨٨ لە دەڤەر و گوندەکانی دۆڵی جافایەتی دەستی پێکرد. لە ئەنجام دانی هەر قۆناغ و شالاوێکدا جگە لە بۆمبارانی فڕۆکە مەرگچێنەکانی ڕژێم؛ سەرجەم گوند و ناوچەکەش دەدرایە بەر گازی کیمیاوی و دواتر هێزی پیادەی بێ شوماری (جەیش و جاش) دەکەوتنە وێزەی خەڵکەکە... خەڵکێکی بێ دیفاع و مەزڵوم و هەژاری کورد کە هەرە زۆریان پیر و پەککەوتە و ئافرەت و منداڵ بوون...

قۆناغی دووەمی ئەم پرۆسە ڕەشبگیرەی ئەنفال، لە ناوچەی قەرەداخ و دەربەندیخان و سێوسێنان لە ڕۆژی ٢١ و ٢٢ی نەورۆزی ١٩٨٨ دەستی پێکرد... هەڵبەت کیمیاباران کردنی هەڵەبجەش لە ٨٨/٣/١٦ قۆناغێکی دیکەی گەورەتری پرۆسەی قڕکاری و شالاوی بەدناوی ئەنفالی خەڵکی بێ دیفاع و مەزڵومی کورد بوو... کە تیایدا زیاتر لە (٥) هەزار هاووڵاتی ئەو دەڤەرە قڕ زەردەی مێژوو لە بۆنی گازی سیانید و خەردەل و کیمیاییدا خنکێنران... ئەمەشیان دەخرێتە ناو لیستی ڕەشی یەکێک لە قۆناغەکانی ئەنفال و قڕکردنی مرۆڤی کوردەوە...

قۆناغی سێیەمیش کە بە قۆناغی (ئەنفالی گەورە) لە مێژووی گەلی کوردستاندا ناوزەد کرا... سەرجەم ناوچەی گەرمیان و کەرکووک و بەشێک لە ناوچەی گەرمەسێریشی گرتەوە و پرۆسەکەش لە ٧ی نیسانەوە تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ بەردەوام بوو... کە بە تەنها لە ١٩٨٨/٤/١٤دا زیاتر لە (١٥٠) هەزار کەس لە کۆی ئەو (١٨٢) هەزار کەسەی لە کوردستان ئەنفال کراون، لەو ناوچەیە بەر ئەو شالاوە کەوتن... هەر بۆیە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٤ بە ڕۆژی ئەنفالی کورد - ئەنفالی گەورە دانراوە...

قۆناغی چوارەمی ئەنفالیش ئاغجەلەر و دەشتی کۆیە و گۆپتەپە و عەسکەر و دەڤەر و گوندەکانی دیکەی حەوزی زێی بچووک تا دەڤەر و گوندەکانی کونە کۆتر و زێڕاندۆڵ و دوکانیشی گرتەوە... کە لە ڕۆژانی ٧ و ٨ی نیسانی ٨٨دا ئەنجام درا...

هەردوو قۆناغی پێنجەم و شەشەمیش لە ٢٣ی ئایارەوە تا ٧ی حوزەیرانی ٨٨ لە گوند و ناوچەکانی دەشتی هەولێر و قەراج و کەندێناوە و قوشتەپە و بەحرکە و دۆڵی بالیسان و هیران و وەرتێ و شێخ وەسانان و ناوچەکانی دەوروپشتی گرتەوە، ئەمە جگە لە کیمیاباران کردنی دۆڵی بالیسان و وەرێ و شێخ وەسانان لە ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦دا... کە ئەوەش خۆی لە خۆیدا قۆناغێکی دیکەی جودای پرۆسەی جینۆساید و ئەنفالی کوردە...

دیارە قۆناغی حەوتەم و هەشتەمیش کە لە مانگی ٧ و ٨ و تا ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ بەردەوام بوو... سەرجەم ناوچەکانی دۆڵی ئالانە و دیسانەوە بالیسان و خۆشناوەتی و شەقلاوە و ڕەواندوز و پانتاییەکی گەورەی لە گوند و ناوچەکانی دەڤەری بادینان و زاخۆ و شێخانی گرتەوە... ئەمە جگە لە خاپوورکردن و ڕاگواستنی زیاتر لە (٣٠٠) گوند و کۆمەڵگا لە شارەکانی دهۆک و ئاکرێ و ئامێدی و شێخان...

بەڵێ گەلی کوردمان هەر لە دێرزەمانەوە تا بە ئەمڕۆی ئازادیی گەلانی عێراق گەیشتووە، دووچاری سیاسەتی جینۆساید و قڕکردن و جەور و ستەم و ئازار و ئەشکەنجە هاتووە، تیایدا هەوڵی سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەیی و ناسنامەی کوردی دراوە... کە دڕندانەتریشیان تراژیدیای جینۆسایدی کیمیاباران و شالاوی بەدناوی ئەنفالی کوردە... کە زیاتر برینی کوردی قووڵتر کرد و ئاسەوارێکی نێگەتیڤانەشی لەسەر تەوێڵی کۆمەڵ و کۆمەڵگای کوردیمان جێهێشت... هەڵبەت ئامانجی ئەو شالاوە ئیقلیمگیر و شێلگیرەش تەنها بە مەبەستی پاکتاوکردنی ڕەگەزی و لەنێوبردنی کورد و تواندنەوەیان لە (تەعریب)دا... بوو...

هەروەکو ئاشکرایە... ئەم (٨) قۆناغە بەرفراوانە و چەند قۆناغێکی دیکەی ئەنفالی کورد جێبەجێ کران لەوانە ئەنفال کردنی زیاتر لە (٧) هەزار کوردی فەیلی لە ١٩٨٠/٤/٥دا و... شوێن بزرکردنی زیاتر لە (٨) هەزار بارزانی لە ١٩٨٣/٧/٣١ و خاپوورکردن و ڕاگواستنی زیاتر لە چوار هەزار گوند و ناوچەی کوردستان و نیشتەجێ کردنیان لە ئۆردوگا و کۆمەڵگا زۆرەملێکان... هاوکات شوێنە ونکردنی بە هەزاران هەزار دیلی ئێرانی و کوێتی و شوێن بزرکردنی بە هەزارانیش لە عەرەبی شیعە مەزەبی باشووری عێراق، کە ئەمانەش مشتێکن لە خەرواری تاوانەکانی ڕژێمی دیکتاتۆر کە دەرهەق بە گەلی کورد و گەلانی تری عێراق ئەنجامی داون و ئەوانیش دەکەوتە نێو خانە و لیستی ڕەشی ئەنفالەوە....

## بەرەو کوێ؟

بەڵێ لەو شالاوانەدا بە هەزاران هەزار کەس، تۆماری کورد بە زیاتر لە (١٨٢) هەزار مرۆڤی کوردی سڤیل مەزەندەی کردووە... دەستگیر کران و بەرەو چارەنووسێکی نادیار شوێن بزربوون؛ هاوکات بە شێوەیەک ئەو خەڵکە کۆدەکرایەوە کە تیایدا ئافرەت و پیاو و منداڵ و پیر و پەککەوتەکان لێکدی جودا دەکرانەوە و شوێن بزر دەکران... زۆر لە ڕاپۆرت و شایەدعەیانەکان ئاماژەیان بەوە داوە، کە بەهەزاران هەزار ئەنفالکراو لە بیابانەکانی ڕۆژئاوا و لەسەر سنووری سعودیە و ئەردەن خراونەتە ژێر گڵ، هەندێکیشیان گوایە لە ناوچەی ڕومادی و باشووری مووسڵ و بیابانەکانی سەماوە زیندە بەچاڵ کراون و ژمارەیەکیشیان لە بەندیخانەکانی نوگرە سەلمان و ئەبوغرێب و مووسڵ گیانیان لە دەست داوە...

## دەسپێکی جینۆسایدی کورد

سەرەتای سیاسەتی قڕکردن و جینۆسایدی کورد لە کارەساتی تراژیدیای ٢٤ و ١٩٧٤/٤/٢٦ی قەڵادزێ و هەڵەبجەوە دەستی پێکرد کە ڕژێمی بەعس بەچەکی قەدەغەکراو کەوتە وێزەی خەڵکی بێ دیفاعی ئەو دوو شارە کوردپەروەرەی کوردستان کە ئەو کات لانکی شۆڕش و جێی حەوانەوەی پێشمەرگە و خەڵکی سەرجەم شار و شارۆچکە و گوندەکانی دیکەی کوردستان بوون... کە لە ڕێگای پەیوەندی کردن بە شۆڕش و شان بەشان لەگەڵ پێشمەرگەدا لەو دوو شارە دێرینەی مێژوودا گیرسابوونەوە پاش ڕێککەوتننامە شوومەکەی جەزایر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ کە بۆ سەرکوت کردنی شۆڕشی ئەیلوول مۆر کرا... کە ئەمەش بە تەنیا زیاتر بۆ شکست پێهێنانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان نەبوو بەڵکە بۆ تێکدان و لەبەریەک ترازانی ژینگەی کوردەواری و پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی بوو لە کوردستانی عێراقدا... دیارە لەو کاتەوە بیرۆکەی ئەنفال نەخشەڕێژ کراو لە دوای نسکۆی (١٩٧٥)یشدا بە بیانووی پاراستنی ناوچە سنوورییەکان بە قووڵایی (٢٠) کیلۆمەتر بە ناوی پشتێنەی ئەمنی، دانیشتوانی شارۆچکە و گوندەکانی سنووری ئەو (٢٠) کیلۆمەترە... ڕاگوێزران و خانووەکانیشیان لەگەڵ و خاک خاپوور و یەکسان کران... خەڵکەکەشیان لە کۆمەڵگا و ئۆردووگا زۆرەملێکان نیشتەجێ کران... هەڵبەت سەرەتای ئەم ڕاگواستن و کاولکارییەش لە دەڤەری (بارزان) لە ١٩٧٥/٩/٢٤ دەستی پێکرد و خەڵکەکەشیان بۆ خوارووی عێراق و بیابانەکانی دیوانیە ڕاگواست...

پاشان جارێکی تر لە ١٩٧٨/١١/٢٤دا بەرەو ئۆردووگا زۆرەملێکانی پارێزگای هەولێر گواسترانەوە، ئەوجارەش لە ١٩٨٣/٧/٣١دا بایدایەوە سەر (بارزانییەکان) و زیاتر لە (٨) هەزار بارزانی کە لە بەحرکە و قوشتەپە نیشتەجێ کرابوون... ئەنفال و بێ سەروشوێن کران و چارەنووسیان نادیارە.

## گەڕان بە دوای چارەنووسدا

پاش وەستانی شەڕی عێراق - ئێران، هێزە تێکشکاوەکەی ڕژێمی دیکتاتۆر کەوتەوە وێزەی پێشمەرگە و لەشکری پێشمەرگەی کوردستانیش بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی و پێش گرتن لە ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان، (شەڕی خواکوڕک) لە ١٩٨٨/٧/١٩دا دەستی پێکرد و هێزی دوژمن شکستی خوارد و لە بەرامبەردا ڕژێم گەف و کوڵی بەزیوی خۆی بە خەڵکی سڤیل و بێ دیفاعی کورد هەڵڕشتەوە.

لێ خۆشبەختانە کاسەی مێشک و هزری پڕی جەماوەری کورد لە ئاداری ١٩٩١دا ئاوێزانی (ڕقی پیرۆز) بووەوە و لە دوژمنی سەرسەختی تاوانخواز هاتە دەست و ڕاپەڕینی بەرپا کرد و لە ماوەی (١٥) ڕۆژدا سەرجەم شار و شارۆچکە و گوند و ناوچەکانی کوردستانی بە کەرکووکیشەوە ئازاد کرد... ئاکامی ئەو ڕاپەڕینەش پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێکەوتەوە... کە (١٢) ساڵە ئەزموونی دیموکراتی خۆی پیادە دەکات... بۆیە پارێزگاری کردن لە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین جگە لەوەی ئەرکێکی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانییە، چاکترین وەفاشە بۆ خوێنی بە ناهەق ڕژاوی قوربانییەکان و گشت شەهیدانی کوردستان... چون بە بەری ڕەنج و خوێن و خەباتی شەهیدانمان وەچنگ هاتوون... ئەمڕۆش لەگەڵ هەڵکردنی شنەی ئازادیی عێراق و ڕووخانی ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆر و ترازانی هزری تۆتالیتاری بەغدا و گەڕانەوەی کەرکووکی و ناوچە کوردنشینە تەعریب کراوەکان بۆ ئامێزی گەرمی جوگرافیا و جیۆپۆلەتیکی کوردستانی دایک و سەرجەم برینی کۆنی کوردانی سارێژ کرد، خاڵێکی جوانی پۆزەتیڤانەشی لەسەر لێوی وشکی کۆمەڵگای کوردیمان نیشان دا... بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ ئاشکرا بوون و دۆزینەوەی ئەو شوێن بزر و گۆڕە بە کۆمەڵانە لە کوردستان و خوارووی عێراقی ئازاد کراودا؛ ڕقی پیرۆزی خانەوادەی ئەنفالکراوان و جەماوەری ئازار چەشتووی کورد ئەستوورتر دەکا... لە بەرامبەر زیاتر هەوڵدان و گەڕان بە دوای شوێنەوار و چارەنووسی شوێن بزران و ئەنفالکراواندا... ئێستاش پێمان وایە هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ بنیاتنانەوەی عێراقدا، زیاتر هاوکار و هاوسۆزی کورد بکەن لە بەدوادا گەڕان و ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفالەکاندا... ئەویش بە زیاتر مەحکوم و ڕیسواکردنی تاوان و شالاوە بەدناوەکانی ڕژێم ... تاوانباران و ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانەش ڕووبەڕووی سزا و دادگایەکی عادیلانە بکەنەوە و بە سزای گەل بگەیەنرێن... هەڵبەت سەرکردایەتی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەتوانن هەڵوێستی سیاسیی خۆیان لە بەرامبەر حکومەتی ئایندەی عێراق لەمەڕ لێپێچینەوە و گەڕان بە دوای چارەنووسی ئەنفالەکان وەربگرن و لە نیگای ئەو ئازادییەشەوە کە ئەمڕۆ بەرقەرارە ئێش و ئازار و مەینەتی و داخوازییە ڕەواکانی خانەوادە و کەسوکاری ئەنفال و کیمیاباران و شەهیدانی دیکەی کوردستان لە بەرچاو بگرێ و خزمەتگوزاری زیاتر لە ڕووی ئابووری و فەراهەم کردنی ژیان و گوزەران و باری کۆمەڵایەتییەوە پێشکەش بکات...

دەکرێ لە یادی (١٥) ساڵەی ئەنجامدانی شالاوی بەدناوی ئەنفالدا ئەو زامەی کە قەت و قەت سارێژ ناکرێ... پەند و وانەی لێ وەرگرین و بە هەمووان هەوڵی ڕێک خستنەوەی نێومالی کورد بدەین و بەجەستە و ڕۆح پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین و ئازادیی عێراق بکەین و ڕۆحی شەهیدانیشمان بەزیاتر بەدەنگەوە چوون و ئاوڕ لێدانەوەیان ئاسوودەتر بکەین... پێکەوە بەرەو ئایندەی عێراقێکی فیدراڵی پەرلەمانی دیموکراتی کە تیایدا سەرجەم گەلانی عێراق بە ئازادییەکانی شاد بێت...

بەرەو سڕینەوەی شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی ئەنفال و سارێژکردنی برینی قووڵی ئەو کارەساتە دڵتەزێن و تراژیدییە... کە بەدوادا گەڕان و ئاشکراکردنی چارەنووسی نادیاریانە...

# کەرکووک و ئازادی

کاوە ئەمین - سوید

چل ساڵ زیاترە باشووری کوردستان لە شەڕێکی بەردەوامدایە بۆ ئازادیی هەمیشەیی، بە هەزاران پێشمەرگە، زارۆک، ژن و پیر گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی. هەمیشەش کەرکووک کلیلی چارەسەری کێشەکە بووە. دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ساڵی ١٩٧٤دا، پاش ئەوەی عێراق یەک لایەنە خاڵەکانی ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری گۆڕی و دەیانویست کورد ناچار بکەن واز لە کوردستانیەتی کەرکووک بهێنێ.

گەلی کورد خوازیاری دەست پێکردنەوەی شەڕ نەبوو، بۆیە سەرۆک مستەفا بارزانی بە دەنگێکی بەرز بە ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی وت: ئەگەر شەڕ دەکرێتەوە با لەسەر کەرکووک بکرێتەوە.

کەرکووک لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە کرایە زیندانێکی گەورە و تاقیگای عەرەبیزم و تەعریب. بەعسییەکان بە عەرەب و زۆڵە کورد و تورکمانەوە بەر بوونە وێزەی کەرکووک، ناوی جادە و گۆڕەپان و قەڵا و نەوت و جامانە و کەرکووکیان گۆڕی، بەڵام کەرکووک نەک نەکرا بە عەرەب بەڵکو کوردستانی بوونی خۆی پاراست و ئێستاش مۆزاییکی کوردستانە و گەلێک گرووپی ئێتنیکی و دینیی لە خۆ گرتووە.

دیاردەی فرە کلتووری و فرە ئێتنیکی لە گەلێک وڵات و شاری گەورەی دنیا سەری هەڵداوە، بۆ نموونە ستۆکهۆڵم و بەرلین و پاریس و گەلێک شوێنی دی، کەرکووکیش وەکو شارێکی گەورەی کوردستان کە ناوەندێکی ئابووری و کلتووریی گرنگە وەکو ئەو شارانەی کە ناوم هێنان شارێکی فرە کلتووریی دەوڵەمەندە، ئەوەش دەبێتە هۆی بەرەو پێش چوونی شارەکە نەک بە پێچەوانەوە ئەگەر بەرنامەیەکی سیاسی و فەرهەنگی لەسەر بنەمای ڕێزگرتنی کلتوورە جیاوازەکان بۆ دابڕێژرێت و ڕێگا نەدرێت هێزە بیانییەکانیان بۆ نموونە تورکیا دەست لە کاروباری شاری کەرکووک و تەواوی کوردستان وەردەن.

دانیشتوانی کەرکووک بە هەموو چین و توێژ و گرووپە ئێتنیکی و دینییەکانەوە دەبێت شانازی بە پێناسی کوردستانی خۆیانەوە بکەن، چونکە ئەوان بە تایبەتی و خەڵکی گەرمیان بەگشتی لە هەمووان زیاتر دووچاری ئازار و ئەشکەنجە و ئەنفال و تەعریب و ڕاونان بوونەتەوە، پشتی کەرکووک لە هەمووان زیاتر شەقار شەقار بووە، دەستی کەرکووک و کەرکووکییەکان لە هەمووان زیاتر بە ئاگری بەعس و فاشیزم سووتاوە، کەرکووک لە هەموو شارەکانی تری کوردستان ماندووترە و پێویستی بە حەسانەوەیە، تەنها لە سێبەری ئاڵای کوردستاندا دەتوانێت وەنەوزێک بدات و ماندوویەتی دەیان ساڵەی دەرکات، دە لێگەڕێن با کەرکووک پشوویەک بدات، با هەموو کوردستان ئێشکی بۆ بگرێت و کەرکووک تاجی سەری کوردستان و لانکەی شارستانیەتییەکان بێت.

www.kurdistannet.org 14-5-2003



# کەرکووک

# پاش ئازادبوونی شارێک دیمەنەکانی پڕن لە خەم

ڕێپۆرتاژ: ڕێبوار محەمەد

بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی ئازادیی عێراق و ڕزگاربوونی یەک لەدوای یەکی شارەکانی عێراق، ڕۆژان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان هەواڵە جۆراوجۆرەکانی تەعریب و چەوساندنەوەی کورد لەم شارەی کوردستاندا سەرنجیان ڕادەکێشام، هەواڵەکان باسی زۆر شتیان دەکرد: چەوساندنەوەی بەردەوام... تەعریب، گۆڕینی ناو، وێران کردنی شارێک کە لەسەر دەریایەک نەوت بونیاد نراوە، سەدان و سەدان هەواڵی تری جۆراوجۆر، ئەم هەواڵانە لە دوورەوە، بەردەوام نیگەرانییان دەکردم. بەڵام کاتێک کەرکووک ئازاد کرا و سەردانی شارم کرد، هەرچەندە زۆر دڵخۆش بووم بە ئازاد بوونی، بەڵام نیگەرانییەکانم بەرامبەر کەرکووک دووهێندە زیادبوون، ئەوەی پێشتر دەمبیست تەنها هەواڵێکی بێ وێنە بوو، بەڵام کاتێک چوومە ناو شارەوە بەبێ زێدەڕۆیی دەڵێم: وێرانەیەکم بینی. لێرەدا هەوڵ دەدەم لە دیمەنەکانی بدوێم.

## لە دەروازەی شاردا

دوو هەفتە پاش ئازادبوونی چوومە ناو کەرکووکەوە، لە هەولێرەوە بۆ کەرکووک مرۆڤ دەبێ نزیکەی (١٠٠کم) ببڕێ، هەرچەندە لە یەکەم ڕۆژی ئازادیی کەرکووکدا گەشتێکی خێرام بە ناو کەرکووکدا کرد بوو، بەڵام ئەوێ ڕۆژێ شڵەژاویی بارودۆخەکە و



کۆنترۆڵ نەکردنی تەواوی شارەکە، وای کرد بە ناچاری زوو بگەڕێمەوە، بەڵام ئەمجارەیان بەزۆربەی ناوچەکانی ئەم شارەدا گەڕام.

لە ڕێگای نێوان هەولێر - کەرکووک بە دەیان سەربازگە و مۆڵگەی جۆراوجۆری ڕژێم سەرنجیان ڕاکێشام. ڕژێم پانتاییەکی فراوانی ئەم ناوچانەی بۆ سەربازگەکان تەرخان کردبوو. ئێستا پاش ئازاد بوونیان تانک و زرێپۆش و ئۆتۆمبێلی سەربازیی تێکشکاو لەم ناوچانە بەجێماون.

لە دەروازەی شاری کەرکووک نووسینێکم بینی (کەرکووک چەک کرا) ئەمەیان هەر لە سەرەتاوە مایەی دڵخۆشی بوو بۆ من، ئێمەی کورد مێژوویەکی خوێناوی و پڕ لە خەممان لەگەڵ چەکدا هەیە، پێم وایە لەمەو پاش چیدی پێویستمان بە چەک نامێنێ، چونکە لە عێراقی ئایندەدا دەبێ بنەماکانی دیموکراتیەت بەهێز بکەین، بێگومان دیموکراتیەت و چەکیش بە هیچ شێوەیەک یەک ناگرنەوە، بەو هیوایەین لە سەرتاپای عێراقدا ئەم نووسراوە ببینین.

خۆشبەختانە لە گەشتی ئەو ڕۆژەدا بێ زیادەڕۆیی تەنها چەکدارێکیشم لەناو کەرکووکدا نەبینی.

## زبڵ و پاشەڕۆی سەر ڕێگاکان

ڕژێمی عیراق بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا کەرکووک تەعریب بکات، لە گەشتەکەی کەرکووکدا لەوە گەیشتم کە بەشێک لە سیاسەتی تەعریب لەم وڵاتەدا پشتگوێ خستنی سەرجەم لایەنەکانی ئاواکاری و پاکوخاوێنی و خزمەتگوزاری بوو.

بەنیو زۆر لە کوچە و کۆڵان و شەقام و ڕێگاکانی شاردا سووڕامەوە، لە زۆربەی ئەو شوێنانەدا پاشماوەی ماڵان و پیسی و زبڵێکی زۆر بەرچاو دەکەوت، هەرچەندە شارەوانییەکانی هەولێر و سلێمانی چەند هەڵمەتێکی خاوێن کردنەوەیان لە کەرکووکدا ئەنجام داوە، بەڵام ئێستاش بە دەیان تەن پاشەڕۆ لەم شارەدا جێماوە، دیارە ڕژێم بە تەواوی ئەم لایەنەی لەم شارەدا فەرامۆش کردووە، چونکە لە هیچ ناوچەیەک کەبسێکی زبڵ کۆکردنەوەم نەبینی، لەمەش ناخۆشتر ڕێگا نزیکەکانی دەرەوەی شار بوو، کە دیمەنەکانی بڵاوبوونەوەی زبڵ و پاشەڕۆ، قەتەویی هەولێری وەبیر هێنامەوە، هەرچەندە قەتەوی شوێنێکی تایبەتە بە فڕێدانی زبڵ و پاشەڕۆ، بەڵام لە کەرکووک ئەم پاشماوانە لە قەراخ شەقامی سەرەکی فڕێ دراون، ئەم زبڵانە کە لە دەروازەی شاردا بڵاوبوونەتەوە، تەنها مانایەکیان هەیە کە بریتییە لە پشتگوێ خستنی شارێک بەتەواوی.

## چاڵە نەوتەکانی سەر ڕێگا و ناو شار



لە ڕۆژانی پرۆسەی ئازادیی عیراقدا، ڕژێمی سەدام حسێن لە زۆربەی شارەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بە داهێنانی کردەوەیەکی سەیر زۆر لە لایەنگرانی خۆی هێنابووە سەر بیروڕایەکی زۆر سەیرتر.

پیاوانی ڕژێم لە زۆربەی شارەکاندا چاڵی گەورەیان هەڵدەکەند و پڕ نەوتیان دەکرد، تا ئاگری تێ بەربدەن و بەمەش بە بڕوای خۆیان هەم مەودای بینینی فڕۆکەوانەکانی هاوپەیمانانی تێک دەدا و هەم ئاراستەی چەکە زیرەکەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەگۆڕێ.

کاتێک بەغدا بۆمب باران دەکرا ڕژێم بە دەیان چاڵە نەوتی ئاگر تێبەردا، بەمەش ڕژێم بەبێ بیرکردنەوە لە هیچ پرەنسیپێکی ئینسانیانە ئەم کارەی دەکرد و جەهەننەمێکی بۆ عیراقییەکان دروست کردبوو، گوشاری سەر هاوڵاتیانی دەقات دەکرد و ژینگەی وڵاتێکی دەشێواند.

تا ئێستاش لە شاری کەرکووکدا بەسەدان لەم چاڵە دروست کراوانەی نەوت هەن، ئەم چاڵانە لە نزیک ڕێگا سەرەکییەکان هەڵکەندراون، سەیرم پێ هات تا ئێستا بیر لە پڕکردنەوەیان نەکراوەتەوە.

## دیمەنەکانی هەژاری

ڕژێمی عیراق کارێکی وای بەسەر دانیشتوانی وڵاتدا هێنا، زۆربەی دانیشتوانی بکەونە ژێر هێڵی هەژارییەوە، کاتێک (سەدام) هاتە سەر حوکمی عیراق، ئەم وڵاتە ٢٠ ملیار دۆلاری وەک قەرز لای وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا بوو، بەڵام کاتێک عیراقی جێ هێشت و دەسەڵاتی نەما کۆی ٣٨٣ ملیار دۆلار قەرزی وڵاتانی بۆ بەجێهێشتن، بەمەش ئەو منداڵەی ئەمڕۆ لە عیراقدا لەدایک دەبێ، بەبێ هیچ گوناهێک و بێ ئەوەی درک بکات بڕی (٥) هەزار دۆلار قەرزاوە، وێڕای ئەمانەش ڕژێم بە هەموو شێوەیەک هەوڵی دەدا خەڵکی عێراق برسی و برسیتر بکات تا دانیشتوانی ئەم وڵاتە بیر لە هیچ شتێک نەکەنەوە بێجگە لە برسێتی.

لە کەرکووکدا دیمەنی هەژاری خەڵک لە هەموو شتێک زیاتر سەرنجی ڕاکێشام، لە دوانزە ساڵی ڕابردوودا لە شارە ڕزگارکراوەکانی کوردستاندا بووژانەوەیەکی بەرچاوی ئابووری ڕووی لە هاوڵاتیانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک کردبوو، بەڵام لە کەرکووکی ژێر دەسەڵاتی ڕژێمدا ئەم کارە بەتەواوی پێچەوانەیە، بە جلوبەرگی دانیشتوانی شارەکە و ڕێژەی کڕین و فرۆشتن و کزی ڕووکردنە بازاڕی خەڵک و زۆر خاڵی دیکە، ئاماژەن بۆ نزمیی ئاستی بژێوی دانیشتوانی ئەم شارە.

## لایەنی ئاوەدانکاری

لە سەرەتاوە ئاماژەم بەوەدا کە بە گەشتێکی خێرای ئەم شارەدا بۆت دەردەکەوێ لایەنی ئاوەدانکاریی لەم شارەدا تا خاڵی سفر پشتگوێ خراوە، شەقامەکانی ئەم شارە بە تەواوی وێرانن و دەتوانم بڵێم ٩٥٪ی شەقامەکانی پێویستیان بە چاک کردنەوە و نۆژەن هەیە، بێگومان لەوەی دەیان ساڵ دەبێ لەم شارەدا بستێک ڕێگا قیرتاو نەکراوە.

لایەنێکی تری زۆر سەرنج ڕاکێش نەبوونی بینا و خانووی نوێ بوو ، ڕژێم نەیدەهێشت هاوڵاتیانی کورد بەهیچ شێوەیەک خانووی نوێ دروست بکەن یان خانووەکانی خۆیان نوێ بکەنەوە، ئەمە وایکردووە خانوو و بینایەکانی کەرکووک یەکجار کۆن بن و هیچ دیمەنێکی جوانیان پێوە نەمێنێ، بەبێ زیادەڕۆیی لە هەموو کەرکووکدا تەنها یەک خانووم بینی لەسەر شێوازی ئەندازیاری ئەو خانووانە دروست کرابێ کە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکدا بە گەڕەک لێ دروست کراوە، ئەو خانووەش کە ئێستا بارەگایەکی هێزی هاوپەیمانانە بە ئاشکرا پێوەی دیارە هی بەرپرسە بەعسییەکان بوو نەک هاوڵاتیانی ئاسایی.

## دواجار

سەرنج و تێبینییەکانی ئەم دیمەنە، گەڵاڵەبووی گەشتێکی ناو شاری کرکووکن،



دڵنیام لەوەی هەزاران خاڵی تری هەیە لەم شارەدا مایەی لەسەر نووسین و لێدوانن، هەموو ئەم خاڵانەش بۆ ئەو سیاسەتە چەوتەی تەعریب دەگەڕێتەوە کە دەیان ساڵە ڕژێم لەسەر ئەم شارەی جێبەجێ دەکات بەمەبەستی بەعارەب کردن و ناچارکردنی دانیشتوانەکەی بە چۆڵ کردنی شارەکەیان، کەرکووکیش لە ئایندەدا کاری زۆری دەوێ، تا ڕوخساری کوردەواریانە و ئاواکاری وەبەربێتەوە ئەمەش بەکاری هەموو لایەک دێتەدی.

---

# خانەقین لە بەهاری ئازایدا

# سووکە گەشتێک بە ئێستا و ڕابردووی شاردا


د. نەجم ئەلوەنی

ڕژێمی بەعس هەر لە سەرەتای کودەتا شوومەکەی ١٩٦٨وە پرۆگرامی سەرەکی ئەوە بووە کەچۆن بتوانێت پشکۆی ئازادی لە کوانووی کوردستاندا بکوژێنێتەوە. بە ئاگر و ئاسن و بەندیخانە و لە سێدارەدان لاوانی کورد ناچار بکات دەست لە کوردایەتی هەڵگرن و ئاوات و ئومێدیان بە دواڕۆژی خۆیان نەمێنێ. لەبەر ئەوە لەوکاتەوە بە دڕندانەترین شێوە دەستی کردۆتە چەوسانەوەی کوردی ئەو شارانەی کوردستان کە هاوسنووری پارێزگای بەغدان.

شاری خانەقین بەشێوەیەکی تایبەتی پلانی بۆ دارێژراوە، بەڵام خەڵکی شارو ڕۆشنبیرانی ناو شار، شێرانە خۆیان لە ڕووی بەعس ڕاگرتبوو ڕێگەیان نەداوەتێ. کە بەو ڕفتارانە، بەوفیکرو عەقڵە بۆگەنە ورەیان پێ بەرداو ڕێی کوردایەتی و تێکۆشانیان بێ چۆڵ بکات.

پاش ساڵی ١٩٧٥، دوای پیلانە شوومەکەی جەزایر، ڕژێمی بەعس پەیتا پەیتا سەربازگەکانی لەم شارە توندتر و قایمتر دەکرد و بەردەوام دەزگا ئەمنییەکانی بەهێز دەکرد و هەوڵی دەدا لەڕێی زەبر و زەنگەوە کەمەر شکێنی لاوانی خانەقین بکاو، لە لایەکی ترەوە بەدەم چەورکردن هەندێکیان چەواشە بکاو دژی نەتەوەکەیان بەکاریان بهێنێ. ئەم پیلانانەش نەیانتوانی ڕۆحی کوردایەتی و یادی نەورۆز و ناوی شۆڕش و بارزانی لە ناخ و بیری ئەواندا سڕ بکەن و بەرەو ناو بازنەی بەعسایەتییان ڕابکێشن.

ڕژێمی بەعس جگە لەوەی کە ڕێی نەدەدا منداڵانی کورد بە زمانی کوردی بخوێنن، لە هەمان کاتدا ڕێی لەوە گرتبوو تەنانەت ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییە بە ڕەنگەکانی خۆشیان بگاتە دەستی توێژی ڕۆشنبیرانی ئەو شارە. مەبەستی ئەوە بوو کە بە یەکجاری بەوشەی کورد و ناوی شیرینی کوردستان نامۆ بن، فیکری نەتەوایەتی و زمانی کوردییان لەبیر بچێتەوە، هاوکات ڕێی بەوانە نەدەدا کە لە زانکۆکانی عێراق و (کوردستانی ئەتۆنۆمی) دەرچوون، لە خانەقین بەماموستا و فەرمانبەرو پزیشک و ئەندازیار و پارێزەر و... هتد دابمەزرێن. ساڵانە سەدان ماڵە عارەبی دەهێنایە ناو شار و کوردەکانی بە زۆرەملێ ڕادەگواستەوە بۆ سێ پارێزگاکەی بەناو ئەتۆنومی یان بۆ باشووری عێراق ڕاپێچ دەکردن، بەمەش دەیویست ڕەگ و ڕیشەیان لە خاک دەربهێنێ و هیچ پەیوەندییەکیان بە زێدی خۆیانەوە نەمێنێ. هەروەها سەدان خێزان بەناوی تەبەعەی ئێرانییەوە ئاودیوی سنووری ئێران کرد، هەندێ لەوانەش بەهۆی مین و برسێتییەوە گیانیان لەدەست دەدا. ئەم شاڵاوانە هەتا چەند ڕۆژێکی پێش تەفرو تونا بوونی ئەو ڕژێمە بەردەوام بوو. ئەو سیاسەتە نەگریسە کە ٣٥ ساڵی خایاند، بوو بەهۆی ئەوەی شاری خانەقین لە ڕووی ئاوەدانی و شارستانییەوە زۆر دوا بکەوێ، لە کاتێک دا پێش هاتنە سەر حوکمی بەعس ئەم شارە بە یەکێک لە شارە دێرین و زۆر پێشکەوتووەکانی کوردستان و عێراق دادەنرا. چونکە



جگە لەوەی کە یەکەمین پاڵاوگەی نەوتی عێراقی تێدایە، لە هەمان کاتدا گرنگترین ڕێگەی بازرگانیی عێراق بەناو ئەم شارەدا تێ دەپەڕێ و بەغداو تاران بەیەکەوە دەبەستێ و، ساڵانە هەزاران گەشتیار لە ئێران و هیندو پاکستان و ئەفغانستانەوە لەڕێی ئەم شارەوە دەهاتن بۆ سەردانی شوێنە پیرۆزەکانی عێراق وەکو کەربەلا و نەجەف، یان لەوێوە بەرە و ماڵی خوا لە عەرەبستانی سعودی بەڕێ دەکەوتن.

شاری خانەقین کە بە دووەم قەزای عێراق دادەنرا دوای شاری نەجەف، یاقوتی حەمەوی لە (معجم البلدان - فەرهەنگی وڵاتان) دا باسی چاڵە نەوتەکانی دەکاو بەشارێکی کوردنشین ناوی دەبا، لە سەردەمی (فەرتی)یەکان دامەزراوە.

لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە پاش شاری باقووبە بە دووەم شار دادەنرێ. لە سەردەمی یەکەمین جەنگی جیهانیدا ئینگلیزەکان سکەی شەمەنەفەریان هێناوەتە ئەم شارە و لە ڕێی ئەم هێڵەوە شاری خانەقین و جەلەولا و دووز و کەرکووک پێکەوە بەستراون. هەروەها ئەوان یەکەمین سینەمایان لە پاڵاوگەی نەوتی خانەقین بۆ خێزانی کرێکار و ئەو فەرمانبەرانەی کورد و ئینگلیز دامەزراند کە لەوێ نیشتەجێ بوون.

پاشان چوار سینەمای تر لەو شارە کرایەوە و هەتا پێش دەست پێ کردنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران بەردەوام ئیشیان دەکرد. لە ساڵی (١٩١٣) یەکەمین قوتابخانە بەناوی (قوتابخانەی عەلیاوە) لە گوندی عەلیاوەی سەر بە قەزای خانەقین کراوەتەوە.

لە ساڵی (١٩٧٠ - ١٩٧٥) سەرجەم قوتابخانەکانی خانەقین بە زمانی کوردی وانەیان تێدا دەخوێنرا. دوای ئەوە بەهۆی ئەو جەنگە ناوبراوەوە، هەروەها بەهۆی سیاسەتە نارەواکانی ڕژێمی بەعسەوە، بەشێکی زۆری شاری خانەقین وێران کراو، زۆربەی گوندەکانیشی یان ڕووخێنران، یاخود عارەبیان تێدا نیشتەجێ کرا.

سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن و بە بەعسی کردن و ڕاونانی خەڵکی کورد و سەرکوت کردنی هەموو ڕایەکی سەربەست و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هەرچی سیمای کوردایەتییە لەم شارە، بوو بە کۆمەڵە هۆیەکی بنەڕەتی بۆ ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر پەنگری ژیان و هەڵسانەوە و پێشکەوتن لە خانەقین دامرکێتەوە و، هەموو دیاردە و شتێکی ڕەسەنی تێدا کزببێ و هەزاران خێزانی ئاوارە ببێ و بەشێک لە لاوەکانی لەژێر چەپۆکی بەعسدا نائومێد بن لەژیان و هیوایان بە دواڕۆژ نەمێنێ، یاخود زۆریان لەناخەوە بۆ ئەو ڕۆژە بکوڵێن کە لە دەستی ئەو ڕژێمە ستەمکارە خوێن ڕێژە ڕزگاریان ببێ و بە ئازادی ژیان بەسەر بەرن. ئەمەش وای پێ کردن کە ژمارەیەکی زۆریان ڕوو لە پێشمەرگایەتی بکەن و سەنگەری بەرخودان و کوردایەتی هەڵبژێرن، هەروەها ڕێژەیەکی بەرچاویشیان بەبێ دەنگی ئەو ڕژێمە ڕەت بکەنەوە و ئامادە نەبن لە پێناوی مووچە و وەزیفەدا ببن بە بەعسی.

پاش ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق، وەکو هەر خانەقینییەکی ئاوارە و دوورخراوە، دوای دوانزە ساڵ توانیم بە سەردان بچمەوە بۆ شارەکەی خۆم و بە ئەڵوەن و داستانی ڕزگاری و حەکایەتی بەرخودان و سڕینەوەی شوێنەوارەکانی تەعریب و تەبعیس کردن شاد ببمەوە. لە جەلەولاوە گەیشتمە سەر ئەو ملەی جاران دەزگای هەواڵگری بەعسی لێ بوو. یەکەم جار بەدیداری خاک شادبوومەوە. ڕوخسەتم لە شوفێر و نەفەرەکان خواست و لە ماشێنەکە دابەزیم، تێر تێر خاکی پاکی سەر ملەکەم ماچ کرد و لەو ساتەدا فرمێسکی گەرمم تێکەڵ بە خاکی ئازادکراوی خانەقین بوو. بە گەیشتنە ناو شار چوومە خزمەتی ڕووبار و پردەکەی ئەڵوەن. هەستم دەکرد گەرد و تۆزی ٢١ ساڵی ئاوارەیی و دوازدە ساڵی لێکدابڕانم دایە دەم شەپۆلە پاکیزەکانی ئەڵوەنەوە.

خزم و برادەرانم زۆر بە تاسەوە باسی خۆشییەکانی یەکەمین ساتەکانی ڕزگارکردنی شاریان بۆ دەکردم. تازە باڵیان کرابووەوە. بەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد و بە ئازادی دەدوان. سەرەڕای ئەوەی ٣٥ ساڵ بەعس چنگاڵی لە دڵیان چەقاندبوو، سیما و ڕوخساری زۆریانی ژاکاند بوو، بەڵام بەو چەند ڕۆژەی ئازادی، جارێکی تر خەندە هاتبووە سەر لێویان، مژدەی ژیانی ئازادی ختووکەی دڵیانی دەدا. هەستم دەکرد سات بەسات شارو خەڵکی شار دەگەشانەوە.

www.kurdistannet.org 14-5-2003



# قەڵای کەرکووک... شارۆچکەیەکی خەفەی نێو شارێکی فەرامۆش کراو

## پەککەوتەیەکی نیشتەجێی قەڵا:

## هەر ئەوەندەم دەوێ لە جێی ماڵە ڕووخاوەکەمان خانوویەک دروست بکەمەوە

**ڕیپۆرتاژ: نەبەز ڕۆستەم**

بە بینینی ئەو هەموو کاولکارییەی بەسەر قەڵا هەژارەکەی کەرکووکدا هاتووە، مێژوونووس و ئاسەوارناسیش نەبیت، هەر دەڵێی: بە نەفرەت بن ئەوانەی بەم دەردەیان برد... مەخابن بۆ هەموو ئەو تۆپەڵە گەچانەی بە دەستی ڕەنگینی بیناسازان، خراونەتە بەین بەردەکانەوە... حەیف بۆ بەرهەیوانی دارماو و دیواری شەقار شەقار بوو.

وێرانکەران، کەسانی نامۆ بوون... ئەگەر خانەخوێ بوونایە، ئاوا لە چاو تروکانێکدا بە پرەپڕ بەجێیان نەدەهێشت.

### ستراتیژیەتی قەڵا لە ڕووی سەربازییەوە

کە دەچیتە سەر قەڵا و دەڕوانیتە ڕۆژهەڵاتی شار، وا دەزانیت نەخۆشخانەی ئازادی نزیک بۆتەوە و هەتا ئەودیو بازگە کۆنەکەی سلێمانیت لێوە دیارە. ئەگەر تەماشای ڕۆژئاوای کەرکووکیش بکەیت، سنووری گەڕەکەکانت بەجوانی لێ دیارە، لە لای باشووریشەوە، هەموو پردەکانی سەر خاسەت پێ دەژمێردرێت، هەر لەوێوە بڕوانە باکوور، گۆڕستانەکەی ڕەحیماوە و ئەولاتریشت پێ دەبینرێت؛ بۆیە ڕژێم هیچی لەسەر قەڵادا بە پێوە نەهێشت، تاکو لەوێوە هەر چوار لای کەرکووک بخاتە بەر مەودای تۆپخانە و لە نزیکەوە ئاگای لە جموجۆڵی ناو شار بێت.



شوورەی ڕۆژئاوای قەڵای کەرکووک

### دیسانەوە تەرحیل

ئەسعەد شێخ سەعید، کە بیست و پێنج ساڵ زیاترە خادیمی مەرقەدی دانیال پێغەمبەرە، قسەی بۆ کردین: لە ساڵی (١٩٩٠) یەکەمین قۆناغی دەرکردنی دانیشتوانی قەڵا دەستی پێکرد، کە هەموویان کورد و تورکمان بوون و یەک دوو ماڵە عارەبیشیان لەگەڵدا بوو.

لە ساڵی (١٩٩٣)شدا ڕژێم هەڵمەتێکی فراوانتری دەرکردنی دەست پێکردەوە، ئەمجارەیان، تاکە کەسێکی بەسەر قەڵاوە نەهێشت.

### کۆڵانی تەنگەبەر!

بەردەم مەرقەدەکەی دانیال پێغەمبەر، کراوەتە سەیرانگە و ساردەمەنی و شیرنەمەنیی لێ دەفرۆشرێ، چەند وێنەگرێکی گەڕۆکیش بازاڕیان جووڵاوە و ناو بەناو چرکەی کامیرەکانیان دەهات.



مەرقەدی (بوغدە خاتوون)

لەگەڵ (عەلی) و (تالیب)ی وێنەگر ڕاوەستا بووم، ئافرەتێک، بە وەیش وەیش و ئەسەفەوە هەناسەی هەڵدەکێشا. لەبەرخۆیەوە دەیگوت: دەستتان بشکێ، بۆ واتان لەم قەڵایە کرد، هیچ ڕێگەیەکی لە ئێوە گرتبوو؟! هەی خودا بتانگرێ، ئەو کۆڵانانەتان بەچی کاول کرد، خۆ گەڕەکەکانی ئەوەندە چڕ و پڕ بوون، باس ناکرێن، لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانیشیدا، شان بەشان دەکەوت و تێیدا بزر دەبوویت، (٥) فلسمان دەدایە منداڵێک تا ببێتە دەلیلمان و بمانگەیەنێتە دەروازەکانی! بۆ واتان لێ کرد... بۆ...؟



ڕامانێک بۆ گەڕانەوە

### هونەری بیناسازی لە قەڵا

ڕژێمی ڕووخاوی بەعس، بەو هەموو دڕندەییەی خۆیەوە، نەیتوانی شاکارەکانی هونەری بیناسازی لە قەڵادا بسڕێتەوە، تاکو ئێستا پاشماوەکان شاهێدی بۆ شارەزایی بیناسازان و نەخشکاران دەدەن... زۆریان بە ئێمە گوت (مخرّبین) بەڵام دەرکەوت کێ (مخرّب)ە!

(عادل فاروق قلعەلی) شاعیرێکی لاوی قەڵاییە، لە هۆنراوەیەکیدا باس لەم حاڵەتی تێکدانە دەکات و پێکەوەژیان و تەبایی کورد و تورکمانی قەڵای تێدا بەرجەستە کردووە، ئەمەش دەقی هۆنراوەکەیەتی:

یرالی قەلعە

قەلعە مالن صودیلەر
قەزمە چالب ئۆیدیلەر
دانیال نبی دەن بەشقە...
ایچیندە نەقویدیلەر

***


طوپ قاپیدەن گیچاردیم
هەر ایودەن صو ایچاردیم
بیلسایدیم بەلەگون وار
بەشقە بیر یول سیچاردیم

***

قەلعالیلەر
گەل بیزدە قەلعالیلەر
یرە دوشان جام کیمن
داغیلیدی قەلعالیلەر

### ئاوەدان کردنەوەی شارۆچکەکە

قەڵای کەرکووک پێش خاپوورکردنی نزیکەی (٤٥٠ - ٥٠٠) ماڵ دەبوو، چوار گەڕەکی گەورەی تێدا بوو، (گەڕەکی حەمام)، (ئاغالق)، (زیندان)، (مەیدان) ناوی گەڕەکەکانی بوو، دوا موختاری قەڵاش (شاکر ئەفەندی) بوو. (ڕەعەد قەڵایی) هونەرمەندێکی هەست ناسکی ئەم شارۆچکەیەیە... لە منداڵییەوە ئیفلیجە و بە پایسکلی پەککەوتەکان هاتووچۆ دەکات، سەرکەوتن و دابەزین لە قەڵا بۆ پەککەوتەیەکی وەکو ئەو، کارێکی ئەوەندە ئاسان نییە! ویستم هەست و سۆزی بۆ گەڕەکەکەی تاقی بکەمەوە و لێم پرسی: ئێستات باشتر نییە، وەک لە قەڵا، یان حەز دەکەیت بچیتەوە ئەوێ؟ زۆر بە توندی مژی لە جگەرەکەی دەستی دا و وتی: هیچمان ناوێ، ئەگەر لێمان گەڕێن لە شوێنی ماڵە ڕووخاوەکەی خۆمان، بە پارەی خۆم خانوویەک دروست دەکەمەوە، دەربارەی سەرکەوتن و دابەزینیش، ئەگەر بە سکەخشکێش بێت خۆم دەگەیەنمەوە ماڵی خۆمان!.



مەرقەدی دانیال پێغەمبەر

---

# داواکارییەکی خەڵکی گەڕەکی شۆڕیجە

لە میانەی ئەو هەموو هەوڵ و تەقەللایەی کە خەڵکی تێکۆشەری کەرکووک بەدرێژایی تەمەنیان و لە بزاڤی نەتەوەییدا هەردەم لە ڕیزی پێشەوەی خۆبەختکاراندا بوون و بەردەوام بەربەست و قەڵغانی ڕووی داگیرکەران و ئەنفالچییەکان بوون، خاوەن قوربانی و خەباتێکی بێ وچان بوون و تا ئێستا کەس ئاوڕی لێ نەداوەتەوە. لە دوای ئەوەی کە عێراق ئازاد کرا و شۆڕجەش وەک گەڕەکەکانی دیکەی کوردستان لە ژێر زوڵم و زۆری بەعسیاندا بەشێوەیەکی ئێجگار سەخت و چڕ و پڕ دووچاری سیاسەتی کاولکارانەی بەعس بووە و ئەمەش بەسەر و سیمای دانیشتووەکانییەوە دیارە چەندێ خەڵکی مەزڵومی ئەم شوێنەی کەرکووک بێ بەش بوون لە هەموو جۆرەکانی خزمەت و هەموو خەڵکەکەی بەشێوەیەک چەوساونەتەوە هێشتا هەر وا دەزانن بەعس هەر ماوە و کەس توانای ئەوەی نییە داوای شتێک بکا لە حکومەتەکەی خۆشمان، چونکە ئەگەر بهاتایە ڕۆژێک کێشەیەک یان داوایەک لە هەر شێوەیەک بابخرایەتە ڕووی دەسەڵاتدارانی بەعس، ئەوە ئەگەر بچووک بووایە پشتگوێ دەخرا و، ئەگەر گەورەش بووایە ئەوە ناوی (مخرب)یان لێ دەنایەن بەدەردی کابرای بەر پەتی سێدارەیان دەبردین، چونکە ئەوان تەنها حکومەتەکەیان بۆ بەدیهێنانی خواستی شۆڤێنیانەی خۆیان و چڵکاوخۆرەکانیان هاتبووە کایەوە.

لە سایەی ئازادی و داڕووخانی ڕژێمدا ئێمەش بۆ یەکەم جار لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریی کورد و کوردستاندا بەوپەڕی سەربەرزی و سەرفرازییەوە داوای خۆمان وەک ئەندامێک لە کوردستانەکەمان بەرز دەکەینەوە، هیواداریین کە شوێنێک بۆ حەسانەوەی خەڵکی گەڕەکی شۆرجە دابین بکرێت و لە شوێنێک وەک (شوێنی عەرەسەکەی شۆرجە) کە دەکەوێتە سەر شەقامی گشتی شۆرجە و نزیک بەمزگەوتی (عومەر بن خەتاب) پارچە زەوییەکی میرییە کەس خاوەنی نییە، بەڵام خەڵکانی ئەو خانووە ڕووخاوانەش کەسیان (قەرەبووی) زەرەر و زیانەکانیان وەرنەگرتەوە، هیواداریین ئەوەش لە یاد نەکرێت، بەڕاستی ئەمە بەمافی خۆمان دەزانین و هیواداریین لە دەزگا پەیوەندیدارەکان و وەزارەتەکانی ناوخۆ و شارەوانیی کەرکووک بەدڵێکی پڕ لە هەستی بەسۆزی کوردانەوە ئەم داواکارییەمان بۆ هەڵسووڕێنن و هاوکاریمان بکەن...

**دڵشاد جاف**
**دانیشتووی گەڕەکی شۆڕیجە**

# وریای ئەم دیاردەیە بن با تەشەنە نەکات!

**گزنگ**

لە مەیدانی کرێکاران لە شۆڕیجە، لە حەسیرەکە، لەسەر بازاڕەکەی ڕەحیماوە چیت دەوێ هەیە کلاشینکۆف... دیمترۆف... دیکارۆف و هەموو ئەو (ئۆف ئۆف)انەی لە ئاهو ئۆف بەولاوە هیچی دیکەیان بەدواوە نییە. دووربین، جوعبە، حەربە، مەخزەن، جۆرەها فیشەک و هەموو ئامرازەکانی پیاوکوشتن لەم بازاڕانەدا مامەڵە و سەودایان لەسەر دەکرێت، وەک بڵێی ئێمە ئازادیی عێراقمان بەگشتی و کەرکووک بەتایبەتی بۆ ئەوە بووبێ، کە ئازادبین لە کردنەوەی ئەم جۆرە بازاڕانەو سەرهەڵدانی ئەم دیاردە دزێو و نا شارستانیانە. بازاڕی گەڕەکە کوردنشینەکانیش دەستپێشخەر و پێشەنگی گەرمکردنی ئەم بازاڕە نا شەرعییانەن و زۆربەی هەرە زۆری کڕیارەکان کوردن و فرۆشیار تورکمان و عارەب، بۆ دەرمانیش چاوت بەمەسیحییەک ناکەوێت لەم بازاڕانە.

براینە، ئێوە بۆ ئەوەندە زوو شتتان لە بیر دەچێتەوە، بۆچی مانگێکی پێش ئێستاتان نایەتەوە یاد، کە جگە لە چەکی(جیش القدس) و(فدائیی صدام) کەس بۆی نەبوو لەم شارە یەخسیرە چەکێکی بەشانەوە بێ؟ نەک چەک، گەر حەربەیەکیان لە لای هەر کەسێک بدۆزیباوە، هەر لەوێ کەوڵیان دەکرد و پێستیان ڕەوانەی دەباغخانە دەکرد. ئەدی بۆچی ئێستا بەڕۆژی ڕووناک چەکت بەشانەوەیە و پۆزلێدەدەی و سەودای پێ دەکەی؟ ئەوسا ترسنۆک بوویت و ئێستا ئازا؟ ئەوسا ژێر دەستەو ئێستا ئازاد؟! نەخێر نە ئەمیان بوویت و نە ئەویانیت، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە بەهەڵە لە ئازادییەکە گەیشتوویت و بەخۆتی ڕەوانابینی!

ئێوەش پۆلیس... ئاسایش، دەستم دامێنتان زوو فریای ئەم دیاردەیە بکەون، با مەفرەزەکانتان لە نزیکەوە چاودێرییان بکات و مەهێڵن تەشەنە بکات، چونکە ئەمڕۆ بازرگانیی چەکی سووکە، سبەینێ ئار بی جی و کاتیۆشایە!



# چەند دانە مرواریيەک لە (جەليل قەيسی)يەوە

**ئيسماعيل بەرزنجی**

بيست ساڵێک دەبێت ئەو بوونەوەرە غەريبە دەناسم کە ناوی (جەليل قەيسی)يە، ئەو کابرايە شيعر و سيحر لە ليێوی دەبارێت، ڕوح بە بەری وشەدا دەکات. دێرزەمانێکە بەخوێندنەوەی چيرۆک و شانۆگەرييەکانی ئەو داهێنەرە دەروونم شاد و مێشکم مات دەبێت.

جەليل قەيسی، لەو چيرۆکنووسە بە هەڵوێست و داهێنەرانەيە ک (وشە) لە لای ئەو بەرزترين سەرمايەيە و هەرگيز مساوەمەی لەگەڵ ناکرێت، ئەو ڕۆژانەی کە ديکتاتۆر بە مليۆنەهای هەڵدەڕشت، جەليل بە کپی و بێ دەنگی لەناو کەرکووکی داگير کراودا ئازار و ئێشی خۆی و خەڵکەکەی ڕەنگڕێژ دەکرد و دەيوت:

– الجزء الغربي من المدينة مهجورة وموحشة.

دوو ڕۆژ دوای ئازادبوونی عێراق جەليل نامەيەکی بۆ ناردم کە هەر وشەيەکی لە لام بە قەد دەنکە ئەڵماس و مروارييەک بە نرخ بوون.

وەکو جاران خۆشەويستی خۆی بۆ کوردستان و مرۆڤی کورد دووپات دەکاتەوە:

– وأشهد ان حبي لهم وبحكم نصفي الكردي من جهة والدتي لايقل اطلاقاً لهم جميعاً ولترابهم وجبالهم وسمائهم.

جەليل، بە يەک وشە چييە خيانەتی لەگەڵ قەڵەمەکەيدا نەکرد، ئامادە نەبوو ببێتە بووقی ديکتاتۆر و چەلاوی خيانەت فڕ بکات:

– منذ أن تسلم الدكتاتور المقبور صدام السلطة رفع شعار الألماني بسمارك «نحن لانسمح بالمعارضة بعد اليوم وسنسحقُ كل مقاومة»، غادر أحبة لي ولك أيضاً الوطن وبقيت وحيداً في أربخا الحبيبة لأمجدها بحب في أعمالي.

جەليل تەواو لەوە دڵنيابوو کە تەنيا داهێنان نەمری بە نووسەر دەبەخشێت، نووسينی کرچ و کاڵ لە پێناوی چەند دينارێکی ساختە مرۆڤ ناکات بە نووسەر:

– أنا وأنت شريحة نبيلة من حملة الأقلام رغم تراث من الخوف الذي زرعه فينا الدكتاتور، نكتب رغم انتشار فقر روحي وفكري وانعدام الأوكسجين الثقافي، ففي الوقت الذي كان كتابات أبواقه السريعة العطب مثل ثمار الموز تموت في نفس اليوم، كان القراء الذين يمتلكون مثل القادة المحنكين استراتيجية ثقافية جيدة يصفقون لنا.


جەليل، وەک هەموو ئەو داهێنەرانەی کە بەنەمانی ديکتاتۆر خەريکە لە خۆشيانا باڵ بگرن ئەميش دەڵێت:

– أجل يا عزيزي اسماعيل، ان الفاشية ماكنة مفرمة لحم مُخيفة لاتشبع من فرم الأنسان، لقد فرمت دوما رحمة عشرات الألف من الأكراد والشيعة، والأن بعد أن قبرت الفاشية الصدامية الى الأبد علينا أن نردد كلمات أنكيدو وهو يخاطب گلگامش (في إتحادنا معاً نصنع الذي لاينسى بعد الموت».

مايەوە سەر ئەوەی بيڵێم:

– جەليل وەک هەموومان بێ مووچە و مەعاش ماوەتەوە، ئەگەر وەزعی مەعاشات لەم هەرێمەی ئێمەدا چاکبوو پێويستە ئاوڕێک لەو داهێنەرە بدرێتەوە کە نيو سەدە زياترە کوردی خۆشدەوێت.





## پێنج ڕۆژ پێش ڕزگارکردنی شاری کەرکووک

# ئاوێزە... دووهەم بەرهەمی ئەديب و نووسەرانی کوردی ئەم شارە بە چاپ گەيەنرا

**ڕزگار کاکەمير شوانی**




جارێکی دی گۆڤاری (ئاوێزە) دووهەم بەرهەمی ئەديب و نووسەرانی کورد لە شاری کەرکووکی خۆڕاگر و پێش پێنج ڕۆژ لە ڕزگارکردنی ئەو شارە لە دەست ڕژێمی سەدام حوسێنی ڕووخاو بەچاپ گەيەنرا... ئەمجارەيان بەچەندين بەرهەمی بەپێز و ناياب لەلايەن (٣١) نووسەر و شاعير کە نووسەران محەمەد سەعيد زەنگنە و سەباح ئيسماعيل ئەرکی ئامادەکردنی ئەم بڵاوکراوەيەيان خستە ئەستۆی خۆيان و هەر خۆيانيش سەرپەرشتی چاپيان کردووە و بريتييە لە (٢٧٢) لاپەڕەی قەبارە مامناوەندی... شايانی ئاماژە پێکردنە هونەرمەندی بەتوانا نورەدين جاف هەوڵێکی زۆری دا بۆ ئەنجامدانی بەرگی گۆڤارەکە، ئەمە جگە لە هەوڵ و کۆششی برادەران ئومێد مەحموود و مەريوان ڕەمەزان کە بەدرێژايی شەو و ڕۆژ تاکو کاتژمێر (١١)ی شەو دەمانەوە و زياتر پەرۆشی هاتنە دنيای (ئاوێزە) بوون...

سەرەتای (ئاوێزە) بەپێشەکييەک ڕازاوەتەوە بەناونيشانی (بە پەراوێزی ئاوەزەوە چەند وشەيەکی دۆستانە) بەپێنووسی مامۆستا محەمەدی مەلا کەريم کە تيايدا هاتووە: چەند مايەی خۆشحاڵيمە کە ئەبينم کۆمەڵێ لاوی خوێن گەرمی بنووس و ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەی چالاکی کەرکووک و دەوروبەری بەرهەمی دووهەميان، يا بەرهەمی دووهەمی (ئاوێزە) ئازيزەکەيان ئەنووسن و پێشکەشی لايەنە ڕەسمييەکانی بەرپرسی ڕێگادانی بڵاوکردنەوەی ئەکەن و لەناو خۆياندا پاروو لە دەمی خۆيان و ماڵ و منداڵيان ئەگرنەوە و ئەرکی هاتوچۆی بەغدا و کرينی کاغەز و کارتۆن و کرێی چاپخانە ئەدەن و زادەی بير و مێشکيان بە لەچابدراوی پێشکەشی خوێنەوارانی شارەکەيان و هەموو خوێنەرانی کورد ئەکەن...

بەشی لێکۆڵينەوەی (ئاوێزە) چوار بابەتی لەخۆ گرتووە، يەکەميان (لە پەراوێزی هونەری وەرگێڕانەوە) بەپێنووسی مامۆستا محەمەد سابير مەحموود، بابەتی دووەم (قەيرە کچی يا چاوەڕوانييەکی سيزيفانە) بەپێنووسی سەباح ئيسماعيل... بابەتی سێيەم (هونەری وێنەيی لە شيعرەکانی گۆراندا) تيايدا شاکر عەواد دەچێتە نێو هەست و نەستی گۆرانی نەمر و هەندێ لە شيعرەکانی تاوتوێ دەکات و چێژێکی تايبەت دەداتە خوێنەرانی هێژا... بابەتی چوارەميش دەقێکە لەلايەن زاير زەنگنە بەناونيشانی (بەرەنگاربوونەوە پەت پەتێن و سەرەنجام بێ چۆکدا هاتن)...

بەشی مێژوو: کە دوو بابەتی لەخۆ گرتووە يەکەميان بەپێنووسی ڕەقيب ڕەفيق ڕەئووف لەژێر ناونيشانی کورتەيەکی مێژوويی لەبارەی هەتامەتييەکانەوە، دووەم بابەت بەپێنووسی سيروان حوسێنی تاهير بەناونيشانی (ماوريزۆ گارۆزنی و کوردناسی).

بەشی زمانەوانی: بابەتی يەکەم لەلايەن نووسەر فوئاد مەحموود قادر نووسراوە بەناونيشانی (لێکسيۆلۆگيا) بابەتی دووهەم لەلايەن شەهاب شێخ تەيب بەناونيشانی (ڕۆڵی تۆفيق وەهبی لە بواری فەرهەنگنووسی کورديدا) بڵاو کراوەتەوە...

گۆشەی ناوداران: بابەتێکی بەپێزی نووسەر لوقمان حوسێن تاهير لەژێر ناونيشانی (کورتەيەک لە بارەی ژيانی دکتۆر ناجی عەباس ئەحمەد) تيايدا تيشک دەخاتە سەر ژيان و بەسەرهاتی ئەم ڕووناکبيرە...

يادی نەمران: ئەمەش بابەتێکی نووسەر هەردەوێڵ کاکەييە کە تيايدا تيشکی خستۆتە سەر ژيان و بەسەرهاتی هونەرمەندی هەميشە زيندووی دەڤەری گەرميان خوالێخۆشبوو حوسێن عەلی...

بەشی سينەما: لەم گۆشەيەدا نووسەر کاردۆ شوانی جەخت دەکاتە سەر ناوەڕۆکی فليمی کوردی (نێرگز بووکی کوردستان) کە لەم دواييەدا بوو بەميوانی شاری کەرکووک و سەرنجی خۆی دەربارەی ئەو فليمە دەخاتە ڕوو لەگەڵ چەند تێبينييەک...

بەشی مۆسيقا: تيايدا خوشکی نووسەر وداد جاف بەنێو ئامێرەکانی (ئۆرکسترا) دەچێت و بەتێروتەسەلی تيشکی خستۆتە سەر سيمفۆنياکانی بيتهۆڤن...

گۆشەی شيعر: لەم گۆشەيەشدا ژمارەيەک لە شاعيرانی کەرکووک لاپەڕەکانی (ئاوێزە)يان بەشيعرەکانيان ڕازاندۆتەوە ئەوانيش هيجران شێواو، عەباس عەسکەر (ئاسيم)، عيماد زەنگنە، ئومێد مەحموود، قانيع ڕەشيد...

گۆشەی وتار: لەم بابەتەدا نووسەر بەکر دەروێش بەرهەمێکی بەناونيشانی (ئەقڵ و زمان و بير) بڵاوکردۆتەوە... هەروەها بورهان ئەحمەد محەمەد بابەتێکی بەناونيشانی (زمان و وێنەی شيعری لە ڕوانگەی تازەگەريدا) نووسيوە، لەلايەکی ترەوە هيوا حەسەن عەلی بابەتێکی نووسيوە بەناوی (تيپی شانۆی ئاشتی و چەند سەرنجێک)...

گۆشەی چيرۆک: کەريم تاقانە چيرۆکێکی بەناونيشانی (ژنێکی لەت و کوتراو) بڵاوکردۆتەوە هەروەها چيرۆکنووس محەمەد سەعيد زەنگنە پێنج کورتيلە چيرۆکی نووسيوە کە ناونيشانەکانيان ئەمانەن (خۆر، دڵ، چاو، زيوانە، چێشت... مامۆستا). جەليل محەمەد شەريف چيرۆکێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونيشانی (لوولەکان) دواتر فەيسەڵ تاهير هەمەوەندی چيرۆکێکی لەژێر ناونيشانی (ملوانکەی شين) بڵاوکردۆتەوە، ئينجا مامۆستا عەلی بەرزنجی چيرۆکێکی (سەلاح زەنگنە)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی بەناونيشانی (پەز) هەروەها چيرۆکی (ترسناک)ی فاروق عەلی عومەری گۆڕيوەتە سەر زمانی کوردی... سابير شاکری مەلووليش چيرۆکی فڕينی هەڵۆی يۆجين مونتالی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی...

بەشی ئەرشيف: ئەم گۆشەيەش دوو بابەتی بەپێز و نايابی لەخۆ گرتووە، يەکەميان بەناونيشانی (چۆن تيپی مۆسيقای سۆلاڤ لە کەرکووک دامەزرا؟) تيايدا نووسەر ڕزگار شوانی تيشکی خستۆتە سەر سەرەتای دامەزراندنی ئەم تيپە و ئەندامانی و شوێن و جێگەی تيپەکە...

گۆشەی بيبلۆگرافيا: ئەمەش بابەتێکی خاتوو کوردستان محەمەد سەعيدە کە تيايدا گەشتێکی کردووە بەنێو ئەو کتێبە کوردييانەی کە لە ساڵانی (٢٠٠٠ و ٢٠٠١ و ٢٠٠٢)دا بەچاپ گەيەنراوە لە شاری کەرکووک... بابەتێکی دی بيبلۆگرافيای بەرهەمەکانی تيپی شانۆی ئاشتی لەلايەن هونەرمەند سيروان بێلانە نووسراوە...

گەشتی مەيدانی: ئەمەش بابەتێکە تيايدا هاشم عادل گلی بەتێروتەسەلی باسی گوندی هەفتەغاری ناوچەی گەرميان دەکات.

دوا بەرهەمی (ئاوێزە) وتەيەکی دەستەی نووسەران بۆ گيانی پاکی نووسەر و چيرۆکنووس خوالێخۆشبوو (ئيسماعيل ڕۆژبەيانی) کراوەتە دياری بەناونيشانی (لەبری چلەی خوالێخۆشبوو)...

ئەوەی ماوە بيڵێم ئەوا ئەمڕۆ ئێمەی نووسەران لە کەش و هەوايەکی ئازاديدا دەژين و بەو هيوايەين کە (ئاوێزە) بەشێوەيەکی جوانتر و ڕازاوەتر بکەوێتە دەستی خوێنەرانی شاری کەرکووک و بەردەوامی خۆی بنوێنێت.

## قەرە هات!!

**ئەحمەد تاقانە**

ئەی کەرکووک
منداڵ بووين... زۆر بچووک!
خاوێن بووين، وەک ئەسری ساوايان
بەوازی و گۆرانی
شەوگارمان ئەهەژان
تا بەيان!!
ئارامان ئەبەخشی بەکەژان

ئەی کەرکووک
ناوی تۆ... چ واتەی نەئەنواند
لە دڵمان
نەبووبوو بەچڕنووک
بەدڵا نەئەلکا
تنۆکی فرمێسکمان...
بەبێ سوود نەئەتکا!

ئەی کەرکووک
منداڵ بووين، وەک چرۆ، ئێسک سووک
ئەوساکە... ژيانمان ياری بوو
هەرچەندەش پەندی تيا... دياری بوو
قەرە هات... قەرە هات
ڕابکەن... کوڕينە
ڕابکەن... بەرەو شەو
يا بەرەو خۆرهەڵات
زوو خۆتان بشارن... لە کۆڵان... لە ماڵان
قەرە هات... قەرە هات

ئەی کەرکووک
دڵ... مەلی بێ دەنووک
وەک دوێنێ کپ نييە... ئەخورپێ ئەگلێپێ
لەوەتی خۆشويستن ئەزانێ
بەرەو خۆر ئەڕوانێ
(قەرە)مان لێ ون بوو... نەماندی ئەفسانەی... کۆن هەڵات
کەس ناڵێ: قەرە هات... قەرە هات
ئەی کەرکووک

١٩٧٠/٢/١١

* قەرە هات: يارييەکی مێردمنداڵانی کەرکووکە، وەکو چاوشارکێ، وەستا سێ جار هاوار دەکا و دەڵێ: (قەرە قەرە قەرە يەک، قەرە قەرە قەرە دوو، قەرە قەرە قەرە سێ، قەرە هات...) و درێژەی دەداتێ تا ئەوانی دی خۆيان دەشارنەوە و... ئاگادار دەبن... وشەی (قەرە)، پێ دەچێ لە (قەرە قوڵ)ەوە هاتبێ، واتە (قولی ڕەش) کە لە سەردەمی عوسمانيدا وەک سەرباز و نۆکەر ڕادەگيران.

(ئەم شيعرە لەمەوپێش بڵاو نەکراوەتەوە).

www.kurdistannet.org 14-5-2003



باسەرە
ژمارە: ٣ چوارشەممە ١٤ ئایار ٢٠٠٣ ٢٤ گوڵان ٢٧٠٣
Issue. 3 Wednesday - May, 14,2003

# سڵاو لە ئازادی... سڵاو لە شاری کەرکووک

**هەردوێڵ کاکەیی**

سڵاو... جوانترین سڵاو لە سەربەستی و ئازادی... لە برایەتی و خۆشەویستی... سڵاو لە شارەکەم.... شاری کەرکووک... شارە شیرینەکەی باوەگوڕگوڕی ئازاد کراو... سڵاو لەو کەسانەی ئازادی و سەربەستییان خۆش دەوێ... ئەمڕۆ ڕۆژێکی نوێیە... ڕۆژی ئازادی و سەربەستییە... شوکر زەنگی ئازادی وا زڕا بەگوێی هەموو گەلانی عێراقدا... بەڵێ ئازادی سەرتاسەری وڵاتانی بەخۆشی پۆشیوە... ئێمەی کورد، عەرەب، تورکمان... ئاشووری و کلدان... دانیشتووانی ئەم شارەین... شاری برایەتی و خۆشەویستی... وا دەمێکە بەپەرۆشەوە بەحەسرەت و ئاخ هەڵکێشانەوە چاوەڕوانی ئازادین... ساڵەهای ساڵە بەدوای ئازادی و سەربەستیدا شەیدا و ئاوارەین... لەمێژە لە سەردەمی باپیرانمانەوە ئێمەی کوردی بەدبەخت و ڕەنجەڕۆ لە ئازادی و سەربەستی بێ بەش کرابووین... بەدەست مێردە زمە و ئەهریمەنی شەڕخوازەوە زوان بەست کرابووین... تۆقی بووین... زناقمان ڕۆیشتبوو... سیس و ژاکاو بووین... زەرد هەڵگەڕابووین... دەمێک بوو تەنها خەونمان بەئازادییەوە دەبینی... جا کێ دەوێرا بڵێ ئازادیم دەوێ... دەس بەجێ ون دەبوو... دەکوژرا... یان زندە بەچاڵ دەکرا... شوکر ئەوە لە ڕێگای ئازادی خوازانەوە، ئەوانەی بەتەنگ مافی مرۆڤەوە دێن و مانای خۆشەویستی و ئازادی دەزانن؛ وا چەند ڕۆژێکە لە ١٠ی نیسانی ئەم ساڵەوە ئازاد بووین... ئەوەتا ئازادی بەبەرگی خۆماڵییەوە بەباوەشێ خۆشەویستییەوە تەشریفی خەیری هێناوەتە شارەکەمان و ئەو شارەکانی دی تەنانەت ئاوایی و شارۆچکەکانیشی گرتووەتەوە... ئەوەتا ئازادی و سەربەستی میوانی هەر هەموومانە... مندالە ژیکەڵەکان ئازادن... بەئازادی چەپکە گوڵە نێرگز پێشکەش بەمیوانانی کەرکووک دەکەن... دایک... باوک... پیر و لاو... ئازادن... وشە دیل کراوەکان... ڕستە خنکاوەکان و پەرتووکەکان... قەڵەمە بێ نازەکان... ڕووناکبیرە دڵسۆزەکان هونەرمەندە بەوەفاکان... کرێکار و جووتیار و ئاودێرەکان سەربەست و ئازادن... درەختەکان... دار زەیتوونەکان... دارودەوەن... گوڵەکان... ئازادن... شۆستەکان... شەقامەکان... سەرجەم دانیشتوانی شاری کەرکووک ئازادن... چەم... کانی و تاڤگەکان... ئازادن... من... تۆ... ئێوە... ئەوان... ئازادین... لەچی؟

لە زەبروزەنگ و کوشتن، لە سێدارە، لە ئەنفال، لە تەعریب ئازایین... لە چەکی کۆکوژ و کیمیاباران، لە بەندیخانەکانی ژێر زەمین... لە ئاوارەیی و ڕۆژی ڕەش... لە شەوەزەنگ... لە ماڵوێرانی و کاولبوونی دێ و شارەکان... لە کوێرەوەری و دەربەدەری بۆ هەتا هەتایە ئازاد و ڕزگاربووین... جا دەبا هەر هەموومان لەگەڵ ئازادی و خۆشەویستیدا دەست لەنێو دەست بەدڵ و بەگیان دوور لە ڕقەبەری ڕێز لە خۆمان و لەوان و لە ئازادی بگرین... لە پێناوی بنیادنان و ڕازانەوەی شاری کەرکووکی ئازیز و ئارامی و ئاسایش لە کوردستاندا... ئیتر هەر بژی ئازادی.

## ٢٩ ساڵ دەربەدەری

# کڕنووشێک بۆ خاکی پیرۆز

**وریا جاف**



بە درێژایی ساڵانی ئاوارەیی و دەربەدەری لە ئەمەریکا، کەرکووک هەمیشە لەگەڵم بوو، لە کاتی کارکردن، لە خوێندندا، بۆ هەر جێ و شوێنێک بچوومایە، وێنەکەی هەردەم لەبەر چاوم بوو وەک وەفایەک بۆ کەرکووک لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری نیویۆرک دەستم بەنووسینی کتێبێک کرد دەربارەی شار لەو ڕۆژگارە تاڵەی گەلەکەم پێیدا تێپەڕ دەبوو، کە گەورەترین یادگاری حەسرەتی دووریم بووتا بەهاری ١٩٩١ هەمیشە ئومێدم بەوە هەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان لەگەڵ کەرکووک دەست لەملانێ دەکەینەوە لەکاتی ئۆپەراسیۆنی ئازادیی عێراق لە مانگی ئاداری ئەمساڵ، هەموو چاوەڕوانی ڕوخانی ڕژێم بووین، بەغدا بێ بەرهەڵست هەرەسی هێنا، ڕۆژی دواتر کەرکووک ئازاد کراو هاتە پاڵ ناوچەو دەڤەرە ئازادەکانی دیکەی کوردستان.

هەر زوو بڕیارم دا سەردانێکی کەرکووک بکەم، پاش ٢٩ساڵ دابڕان سەربەرزانە گەڕامەوە، لەگەڵ دۆستێکی خۆشەویستم بڕیارمان دا بچینە کەرکووک، بە ئوتومبیل کەوتینە ڕێ، کە هێدی هێدی شار دەرکەوت، موچڕکەیەک بەگیانمدا هات و دەریایەک حەز و خولیابوون نقومی نێو شەپۆلەکانی کردم، شوفێرەکە گۆرانی (ئەگەڕێمەوە)ی خالقی خستە سەر ڕیکۆردەرەکە، ئەو گۆرانییەو دەنگی خالقی هێندەی دی ناخی منی هێنایە جۆش، خۆم پێ ڕانەگیرا و فرمێسک لە چاوانمەوە ڕێچکەی بەست، فرمێسک و حەزی شادبوونم بەکەرکووک هەر کە دابەزیم یەکەمین شت چەمامەوەو خاکەکەیم ماچ کرد، لە وڵاتی غوربەت و دووری لە ئەمەریکا، هەموو کات بەبرادەرانی خۆم دەگوت؛

گەر بگەڕێمەوە کەرکووک یەکەمین شت خاکەکەی ماچ دەکەم، حەزێکی قووڵ و تێکەڵ بەئازار و حەسرەتێکی زۆر کە ناخی مرۆڤی سمی بێت، چ شتێک هەیە دایمرکێنێتەوە بێ لەوەی خۆت و خاکی پیرۆزی نیشتمان ئاوێزانی یەکدی بن.

دوور نییە بەمنداڵی تامی خاک و خۆڵی ئەم شارەم کردبێت، بۆیە ئەم جارەش کە لێوەکانم بەر خاکی چەندین ساڵ بێنازی کەوت، ئۆخەی و خۆشییەکی زۆر بەشادەمارەکانمدا سووڕایەوە، دوای ئەوەی هەستامەوە سەر پێ گوتم؛ ئەمڕۆ ئەو ڕۆژەیە کە بارزانی نەمر خەباتی بۆ دەکرد و ڕۆژێ لە ڕۆژان مساوەمەی لەسەر ئەم شارە نەکردو بەدڵی کوردستان وەسفی کرد.

فرمێسک پەیتا پەیتا بەچاوانمدا دەهاتە خوارێ، خەڵکی بەسەرسوڕمانەوە دەورەیان دابووم و لە وەڵامێک دەگەڕان کە هۆی چییە ئەو مرۆڤە وا عەوداڵ و پەرێشان و چاو بەئەسرینە؟ من توانای قسەکردنم نەبوو، برادەرەکەم لێیان هاتە دەنگ؛ بیست و نۆ ساڵە کەرکووکی بەجێ هێشتووە و وا ئەمڕۆ گەڕاوەتەوە.

دوای خاکی پیرۆزی باپیران گۆڕی باوکم هاتەوە بیر، بەرەو گۆڕستانی شێخ محێدین چووم وکێلی گۆڕە پیرۆزەکەیم ماچ کرد، ئنجا چوومە سەر گۆڕی شەهیدی قارەمان عیزەدین قەرە محەمەد کە لە ساڵی ١٩٧٤دا شەهید کرا پاشان خولیایی ڕۆژانی منداڵیم بەرەو بازاڕی عاشووری بردم لە گەڕەکی ئیمام قاسم، تەمەنی منداڵیم لە کووچە و کۆڵانەکانی ئەو گەڕەکە و لە هاتن و چوونی سەر دووکانەکانی بازاڕەکەی بەسەر برد تا لە ١٩٧٤دا چوومە ڕیزی شۆڕش هەواڵی هەندێ دوکانداری ناسیاوم پرسی، بەداخەوە کۆچی دواییان کردبوو، بازاڕەکە دەتگوت زەمان سڕی کردووە و هەر وەکو خۆی مابووەوە چوومە بەردەمی قوتابخانەی ئیمام قاسمی سەرەتایی، یادی ئەو مامۆستا بەڕێزانەم کردەوە کە لە ڕۆژگارێکی سەخت و دژواردا ئێمەیان پێگەیاند و بەهەستی کوردانە و مرۆڤانە پەروەردەیان کردین، ڕۆژگارێک بوون هەرگیز لەبیر ناچنەوە.

لەسەر پردەکە پرسیم؛ ئەدی کوا سینەما خەیام؟ گوتیان نزیکەی ٢٠ ساڵ دەبێت ڕژێم تێکی داوە، سەیری قەڵام کرد، خاپوور کراوە، ئەو قەڵایەی چوار گەڕەکی شاری لە خۆ گرتبوو لە شەقامی کۆماری چوومە لای ناسیاوێکی خۆمانە و کە یەکترمان دیت، بەگەرمی باوەشمان بەیەکدا کرد و ئەو گوتی (بەڕاستی سەفەرەکەت درێژخایەن بوو ٢٩ ساڵ)، بەڵام تۆ هەمیشە ئالێرەدا لەگەڵمان بووی)، کتێبخانەی گشتی، هەندێ کۆگاو دەرمانخانە و شوێنی دی، هەروەکو خۆیان مابوونەوە دواتر تێرتێر بەناو شاردا گەڕام تا کەفوکوڵی دڵم دامرکایەوە، پەیتا پەیتا یادگاری ڕۆژگار بەپەردەی خەیاڵمدا دەهات، جەژنانی قەراغ خاسە، خوێندن، خەبات لە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستاندا.

## عێراق وڵاتێک بوو لەسەر کاسەسەر دروست کرابوو!

# گەلانی عێراق پێویستە سووربن

# لەسەر دادگایی کردنی سەرانی ڕژێمی بەعس



**چیمەن ساڵح**

گۆڤاری ئیکونۆمست نووسیویەتی و زۆربەی شارەزاکانیش پێیان وایە (باشترین ڕێگا بۆ دادگایی کردنی سەدام حوسێن و دەست و پەیوەندە تاوانبارەکەی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتییە تا لە ناوخۆی عێراقدا ئەو تاوانبارانە دادگایی بکات).

دیارە ئەوەی کەمێک شارەزایی لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا هەبێ، تێدەگا کە دادگاییەکی لەم شێوەیە، دەبێ بەشەرعیترین دادوەری بۆ ئەم مەبەستە، لەلایەکی ترەوە ئەزموونێکی نوێ دەبێ لەوەی تاوانباران لە وڵاتەکەی خۆیاندا بەبەرچاوی گەلانیانەوە دادگایی بکرێن، ئەم پرۆسە یاساییەش وەک ئەزموونێکی نوێی جیهانی پڕ بەقەد باڵای ئەزموونی نوێی عێراقە و گەشەداری دەکات، هەروەها ئاستی تاوانبارێتی ئەو مرۆڤ کوژانە و قەبارەی ئەو قوربانییانەی کە لە ماوەی ٣٥ ساڵ دەسەڵاتیاندا کەڵەکەیان کردووە وادەخوازێ، گەلانی عێراق و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پێکەوە ئەو تاوانبارانە دادگایی بکەن و سزایان بدەن.

بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەوڵ بدات ئەمریکا و هاوپەیمانانیش لە شەڕی ئازادیی عێراقدا، هەوڵی ئەوە بدەن کە تریبۆنێکی نێودەوڵەتی دابمەزرێنن، من پێم وایە هەر لەمڕۆوە دەبێ گەلانی عێراق هەموو ڕێگایەکی مەدەنی و یاسایی بگرنەبەر، تا ئەو مافەیان بەدی بهێنن بەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دادگایەکی تایبەتیان بۆ دابمەزرێنێ. ئەگەر پێشووتر کۆمەڵێک وڵاتی وەک فەرەنسا و ڕووسیا و چین یاخود گومانیان لە چەکی کۆکوژی عێراق هەیە یان ڕێگای دیکە هەیە بۆ گەڕان بەدوای چەکەکاندا، ئەوا دوای شەڕی ئەمریکا (وڵاتێکی لەسەر کاسەسەر دروست کراوی) بۆ جیهان ئاشکرا کرد، کە تەنیا تەلار و کۆشکەکانی دیکتاتۆر تیایدا ڕازاوەن! ئایا گەلانێک کە لە وڵاتێک ژیابن، چینێکی ژێرەوەی کاسەسەر و ئێسک و پرووسکی کەسوکاریان بێ، هەروەک دۆزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵە یەک لەدوای یەکەکانی ئاشکرای دەکەن، مافی ئەوەیان نییە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتیوانیان بکات لە دادگایی کردنی ئەو تاوانبارانەدا؟ ئەگەرچی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس وردبکرێنەوە یەکجار زۆر و زەبەندن، (٤,٢) ملیۆن بەڵگەنامە تەنیا لەسەر (زیندانیانی سیاسی بۆ ئەمریکا گوێزراونەتەوە، ڕژێم بێ باک بووە لەوەی کەسوکاری قوربانییان بزانن کە کوڕەکەیان یان باوکەکەیان یان هەر کەسێکی دیکەیان، ماوە یان مردووە؟ بەڵام کە (وڵاتێک لەسەر کاسەسەر) دۆزرایەوە تا پاساوێک بۆ ئەو وڵاتانە دەمێنێتەوە کە بانگەشەی مافی مرۆڤ و دیموکراتییەت دەکەن، هاوکار نەبن لە دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتیدا؟ پێویستە گەلانی عێراقیش، کە بەر لە شەڕ زیندانی کرابوون و دوای شەڕ ئازادن و بەئازادی دێنە سەر شەقامەکان و دروشم دەڵێنەوە، هەر کەس و گرووپە بەپێی بیروباوەڕی خۆی، ئەمجارە بەشێوازی مەدەنیانە و دیموکراتیانە هەڵوێست وەربگرن بەرامبەر ئەوانەی پشتیوانی مافەکانی مرۆڤ ناکەن، چونکە ئەوان خاوەن پرس و خاوەن قوربانین و ڕێگرێک لەبەردەم دەنگی ئازادیاندا نییە.

## وەرزش پەیامی برایەتی و خۆشەویستییە

# با خولێکی تۆپی پێ بۆ یانەکانی کوردستان بکرێتەوە

**فریاد مەحمود**

ئازادبوونی عیراق لەژێر زەبر و زەنگی ڕژێمی بەعس دەروازەی ژیانی بە ڕووی عیراقییەکاندا کردەوە، ئەو ڕژێمە هەموو کات تواناکانی وڵاتی لە پێناو بەرژەوەندی خانەوادە و شەخسی دیکتاتۆر بەکار دەهێنا. خانەوادەی دیکتاتۆر دەستیان بەسەر هەموو شتێکدا گرتبوو، (عودەی) کوڕە گەورەی دیکتاتۆر سەرپەرشتیی لیژنەی ئۆڵەمپی عیراقی دەکرد، هیچ پسپۆر و شارەزایەک بۆی نەبوو خۆی لە کارەکانی ئەو لیژنەیە بکاتە خاوەن.

بێگومان وەرزش لەهەموو جیهاندا پەیامی خۆشەویستی و برایەتییە، بە هۆی وەرزشەوە ناکۆکیی نێوان کەس و وڵاتان خاو دەبێتەوە و لەبری ناکۆکی وەرزش برایەتی و ئاشتی و تەبایی لە نێو خەڵکدا بڵاو دەکاتەوە. نموونەی هەرە زیندوو هەردوو کۆریای باکوور و باشوورە، لە ئۆڵمپیادی سیدنی ساڵی ٢٠٠٠ دا، کاتێک بە یەک ئاڵا هاتنە نێو گۆڕەپانی یاری و هەموو جیهانیان سەرسام کرد، هەرچی ناکۆکی سیاسی نێوانیان هەبوو وەلایان نا.

بە پێچەوانەوە ڕژێمی بەعس لە سایەی وەرزشدا دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان شارەکانی کوردستان دەنایەوە، هەموو کەس دەزانێ پەیامی وەرزش خۆشەویستی و برایەتییە نەک ناکۆکی و ململانێ، هەموو جیهان پەیامی وەرزش پیادە دەکات، کەچی ڕژێمی بەسەرچوو سەختە ڕێی پێچەوانەی ئەو پەیامەی گرتبووە بەر. جێی خۆیەتی هەڵویستی ئێران لە یارییەکانی پاڵاوتنی موندیالی کۆریا – ژاپۆن بە نموونە بێنینەوە، ئێران و عیراق لە یەک گرووپدا بوون و نوێنەری هەڵبژاردەی ئێران گوتی: ئەگەر عیراق ڕازی نەبێت لە وڵاتی ئێمە یاری بکات، ئەوە ئێمە ڕازین هەردوو یارییەکە لە بەغدا بەڕێوە بچن. ئەمە هەڵوێستی ئێران بوو بەرامبەر ڕژێمێک کە شەڕێکی هەشت ساڵەی دژ بە ئەو بەرپا کرد، کەواتە (کوڕەکەی دیکتاتۆر) بەرامبەر بەو هەڵوێستە بەرز و وەرزشییەی ئێران چیی بۆ مایەوە.

سەردەمی ڕژێم هەر کاتێک یانەی کەرکووک بەرامبەر یەکێ لە یانەکانی دیکەی کوردستان یاری بکردایە، ژمارەیەک هاندەری شەڕانگێز ڕەوانە دەکران، بۆ ئەوەی کێشە و گرفت لە نێوان هاندەرانی هەردوو یانە بنێتەوە.

وەرزشوانانی کەرکووک و شارەکانی دیکەی کوردستان بەم پیلانەی بەعسیان دەزانی، بۆیە بە هیچ شێوەیەک ڕێگەیان نەدەدا دڵی عودەی و دار و دەستە شەڕخوازەکەی خۆش بێت و ئاژاوە لە نێوان هاندەرانی یانەکانی کوردستان دروست بێت.

لەم ڕووەوە حەز دەکەم پێشنیارێک بخەمە بەردەم یانەکانی هەر چوار پارێزگای کەرکووک و هەولێر و سلێمانی و دهۆک، کە بەم نزیکانە خولێکی تۆپی پێ لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا بکەنەوە، بۆ ئەوەی بە چەند یارییەکی دۆستانە دڵی وەرزشوانانی کوردستان و هاندەرانی تیپەکانی تۆپی پێ خۆش بکەن.

www.kurdistannet.org 14-5-2003



# (چۆپی) ئاهەنگێک بۆ ڕزگاربوونی کەرکووک ساز دەکات

چۆپی خانمە گۆرانیبێژێکی کەرکووکییە، لەبەر زەبر و زەنگی بەعس ئەو لە تەمەنی منداڵیدا دەبێت کە خانەوادەکەی کەرکووک بەجێ دەهێڵێت و ئێستا لە هۆڵەندا گیرساونەتەوە. بۆ پیرۆزکردنی ئازادبوونی شاری کەرکووک ڕۆژی ٢٠٠٣/٥/١٣ چۆپی ئاهەنگێکی گۆرانیی ساز کرد.

ئەم خانمە هونەرمەندە کەرکووکییە لە تەمەنی سێ ساڵیدا بوو کاتێک بە خێزانەوە ناچار بوون شار بەجێ بهێڵن، لە ڕێی شاخەوە دوای یەک ساڵ لە هۆڵەندا گیرسانەوە، بەم جۆرە چۆپی و هەردوو براکەی (بنار) و (ڕۆژگار) لە سۆز و ئەوینی نیشتمان و میهری خزم و کەسوکار دابڕان، بە هەوڵ و هیممەتی دایک و باوکی، چۆپی توانیی لە تاراوگە و وڵاتی غەریبیدا فێری زمانی کوردی ببێت.

ئەو هەر لە منداڵییەوە حەزی لە گۆرانی و



مۆسیقا بووە، حەوت ساڵان بووە کە بووەتە ئەندامی کۆرس لە تیپێکی شاری هایلۆ لە هۆڵەندا، جار بەجار سۆلۆیەکی دەچڕی. لە تەمەنی سێزدە ساڵیدا چووەتە قوتابخانەی دەنگ و دوو ساڵ زانستی دەنگی خوێندووە، لە تەمەنی شازدە ساڵیشدا چووەتە ئەکادیمیای کوردی لە ئەڵمانیا، لەوێدا گوێ و هەست و سۆزی بە گۆرانی و مۆسیقای کوردی جۆش دراوە و پاراو بووە.

هەر لە ئەکادیمیای کوردیدا لەگەڵ مامۆستا وریا ئەحمەد ئاشنا دەبێت و بەم جۆرە دەکەوێتە سەر ڕاستەڕێی هونەری گۆرانی و مۆسیقای کوردی.

چۆپی تاکو ئێستا پتر لە (٢٠) گۆرانیی فۆلکلۆر و لاسایی کردنەوەی لە کەناڵی میدیا و دوو گۆرانیشی لە کەناڵی کوردسات تۆمار کردووە، ئاهەنگی بۆ کوردەکانی نیشتەجێی ئەڵمانیا و سوید و هۆڵەندا و بەریتانیا ساز کردووە، هەروەها لەگەڵ هونەرمەندانی کورد (ناسری ڕەزازی، مەرزیە، شڤان پەروەر، عەدنان کەریم، حەسەن شەریف، نەجمەدینی غولامی، شاریانی کوردی، گوڵستان، فەیزی نەژادی، عومەر گوندی) گۆرانیی گوتووە، واش چاوەڕوان دەکرێت ئەمساڵ یەکەمین بەرهەمی لە (CD)یەکدا بڵاو بکاتەوە.



www.chopy.net

# هەڵبژاردنی لیژنەی ئۆلۆمپی لە کەرکووک

دوور لە کاریگەری و دەست تێوەردانی بەرپرسانی بەعس، لە کەشوهەوایەکی ئازاددا جەماوەری وەرزشی کەرکووک، لیژنەی ئۆلۆمپییان هەڵبژاردەوە، پسپۆڕانی وەرزشی شارەکە بە جیاوازیی نەتەوە و ڕەگەز، بەشدارییان تێدا کرد. (عومەر خەتاب) بە سەرۆک و (قاسم سلێمان) بە جێگر و (محەمەد بەلا) و (قادر مەجید) و چەند ئەندامێکی دیکە وەک دەستەی کارگێڕی هەڵبژێردران.

هەر بەو بۆنەیەشەوە، بەئامادەبوونی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان خولێک بۆ تیپە میللییەکان کرایەوە و چەندین کەلوپەلی وەرزشیش بە دیاری پێشکەش بە وەرزشوانانی کەرکووک کرا.

## تیپە میللییەکانی کەرکووک

# تیپی تۆپی پێی ئاسۆ



ئەم تیپە یەکێکە لە تیپە وەرزشییە چالاک و بەنێوبانگەکانی شاری کەرکووک. مێژووی دامەزراندنی ئەم تیپە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی کۆتایی شەستەکان. لە خولەکانیشدا بەتیپی شەهید هەمزە ناسراوە و مامەند ساڵح سەرپەرشتی کردووە. ئەم تیپە لە پێنج خولدا سەرکەوتنی لە شاری کەرکووکدا وەدەست هێناوە.

لە ساڵی ١٩٩٧دا یەکەمی پارێزگای وەدەست هێناوە و چوار جاریش بەپلەی دووەم دەرچووە. بەشدارانی ئەم تیپە کێشە و تەگەرەی زۆریان هاتۆتە ڕێ، یەکێ لەو کێشانەش ڕژێمی بەعس بەوە بیانووی لەم تیپە دەگرت کە ناوی تیپەکەیان (ئاسۆ)یە، بۆیە کاربەدەستانی ڕژێم لە شارەکەدا داوایان کرد ناوی تیپەکەیان بگۆڕن بۆ (شباب الأمة)، بەڵام دواجار کردیانە (أندلس) واتا بەناوی (حي الاندلس) کە ناوی بەعارەبکراوی (ڕەحیماوە)یە. چونکە ئەم تیپە لە سەرەتاوە تاکو ئێستا لە لاوانی گەڕەکی ڕەحیماوە دروست بووە.

ئەندامانی تیپەکەش ئەمڕۆ لە سایەی ئەو ئازادییەی وەدەست هاتووە خۆیان بەسەربەرز و سەرفراز دەزانن و دەیانەوێ بەئازادی یاری خۆیان بکەن و بەزمی حزب حزبێنە لێیان تێک نەدا، چونکە ئەوان بەو نەفەسەوە کار دەکەن و چالاکی وەرزشی دەنوێنن تا خزمەتی میللەتی کورد بکەن و ئاستی وەرزش لە کوردستاندا بەرز بکەنەوە.

ئەندامانی تیپەکەش ئەمانەن:

ڕاوەستاوەکان لە لای ڕاستەوە:

١- ئەحمەد ساڵح، ٢- خالید جاسم، ٣- یوسف ستار، ٤- سەرکەوت ڕەشید، ٥- ئاکۆ عەبدولمەجید.

دانیشتووەکان لە لای ڕاستەوە:

١- سەباح ڕەفیق، ٢- لوقمان خورشید ساڵح، ٣- شەهاب ئەحمەد، ٤- هێمن ئەیوب، ٥- هندرێن مەجید

**ئامادەکردنی: گۆران عومەر**

# وێنەکان دەدوێن

**ئامادەکردنی: نەواز**

**فۆتۆ: نەبەز**

لە هەر شوێنێکی ئەم شارەدا، کامیرەت بە شانەوە بووایە، سەد سیخوڕ تێت ڕادەمان و چاوی گومانیان ئاراستە دەکردی... دەترسان ڕاستییەکان تۆمار بکەیت و ئەرشیفیان بکەیت، کەچی ئێستا نەک هەر کامیرەی فۆتۆگراف، بگرە بە سەدان کامیرەی ڤیدیۆیش بە لاشانی وێنەگرانی ناوخۆ و بیانییەوەیە و ڕووداوەکان ڕاستەوخۆ دەگوازنەوە.

ئەم سێ وێنەیەی خوارەوەش لە ڕۆژانی یەکەمی ئازادیدا گیراون و هەریەکەیان گوزارشت لە شتێک دەکات.

وێنەی یەکەمیان: قەیسەرییە کۆنەکەی سەر قەڵای کەرکووکە، تەماشاکەن بەچ شێوەیەکی ئەندازەیی دروست کراوە، لەم ڕووبەرە تەسکەدا چەند جووتە دووکانی بەرامبەر یەکتری تێدایە؟... مخابن نییە بەم شێوەیە فەرامۆش بکرێت؟!

وێنەی دووەم: دیمەنێکی سەنتەری کەرکووکە، کە پێی دەگوترێت (مەرکەز عام) لەبیرمە، فەرمانبەران و مامۆستایانی کەرکووک، ئەوانەی دەوامیان لە قەرەهەنجیر و چەمچەماڵ بوو، بەیانیان لەوێ کۆ دەبوونەوە و چاوەڕێی پاسیان دەکرد.

وێنەی سێیەم: مەرقەدی دانیال پێغەمبەرە، ئاخۆ چەند ئافرەتی دووگیان، لەماوەی سکپڕیدا زیارەتیان کردبێت و داوای کوڕیان لێ کرد بێ؟ ئافرەتێک دەناسم، کوڕەکەی ناوناوە (دانیال) چونکە بەبڕوای ئەو دانیال پێغەمبەر کوڕەکەی پێ بەخشیوە!



قەیسەریی سەر قەڵا



سەنتەری کەرکووک (مەرکەز عام)



مەرقەدی دانیال پێغەمبەر

# کوردیش بەکۆمەڵ زیندەبەچاڵ کراوە

**ب. ئاکار**

لەوەتەی عیراق ئازاد کراوە و مۆتەکەی ترسی بەعس ڕەویوەتەوە، خەڵکی لە سەرانسەری عیراقدا کەوتوونەتە سۆراغی کەسوکارە شوێنبزر و لەناوچووەکانی خۆیان، هەر ڕۆژە و لە دەوروبەری شارێکی ناوەڕاست یان باشووری عیراق هەواڵی دۆزینەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لەم کەناڵ و لەو کەناڵی ڕاگەیاندنەوە ڕادەگەیەنرێ. کار گەیشتۆتە ئاقارێک لەنێو شوورە و دیواری زیندانەکان یان نەختێ لەولاترەوە ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانە دەدۆزرێنەوە و کۆنە برینی کەسوکاریان دێتەوە سوێ و سەرلەنوێ پرسە دادەنێن و دەنگ بەرز دەکەنەوە و داوای دادگایی کردنی بکوژانی ئەم خەڵکە مەزڵوومە دەکەن.

هەندێ لەو قوربانییانە تەنها هەندێ لوولاق و کاسەسەرێکی بێ ناوونیشانن، بڕێکیان جلوبەرگیان ماوە و تاقە یادگارێکیان تەزبیحێک و پەنجا فلسییەکی ئەو سەردەمەیە لە گیرفانیان ماوەتەوە، هەندێکیان تەنها پێڵاوێکیان لەگەڵ لاشەکەیدا لە گۆڕ ناوە، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، پیاوانی بەعس بەپەلەپرووزێ ئەو قوربانییەیان لە زیندانەوە هێناوە و تەنها فریای ئەوە کەوتووە یەک تاکی پێڵاوەکەی لە پێ بکات و نەیان هێشتووە ئەوی دیکەی لە پێ بکات. ئەمانە دیمەنی کارەساتی دوای ڕژێمی بەعسن، لەوەیە لەمەولا لاپەڕەکانی مێژووش بەشی تۆمارکردنی ئەو هەموو تاوانە نەکەن.

ئەی ئێمەی کورد کەسوکارمان زیندەبەچاڵ نەکراون؟! ئێمە تا ئەوپەڕی هاوخەمی کەسوکاری ئەو خەڵکە زیندەبەچاڵ کراوەین، بەڵام بۆ ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆ دەبێ گلەیی لە خۆمان بکەین، لەو خەمساردی و لاموبالاتییەی تێکەڵی مێژوو و ئەتوارمان بووە، دەبوو ئێستا هەموو شوێنێک بەدووی ئازیزانمان تەی بکەین، شار و بەندیخانە و بیابانەکان تەی بکەین، تا هیچ نەبێ قولاغێکمان دەست بکەوێت و دڵی ئەو هەموو بێوەژن و منداڵە بێ دایک و باوک و خوشکە بێ برایانە داکەوێت و ئیدی واز لە چاوەڕوانی بێنن، یان هیچ نەبێ داوا بکەین... داواش ناکەین... نا!!

پێش ئازادکردنی عیراق قەڵەمی نووسەران و ڕۆشنبیران بەردەوام لە کاردا بوو و شینی بۆ ئەنفالکراوەکانی کورد دەگێڕا... حزبەکانمان جار بەجارێ باسێکیان دەکرد، کەچی ئێستا قوڕوقەپی لێکراوە، وەک ئەوەی نە بامان دیبێ و نە باران!.

خاوەن ئیمتیاز
فەلەکەدین کاکەیی

سەرنووسەر
جەلیل کاکەوەیس

جێگری سەرنووسەر
ئەحمەد تاقانە

بەڕێوەبەری نووسین
تاریق کارێزی

دەستەی نووسەران
نەبەز ڕۆستەم

دەرهێنانی هونەری
ئاراس ئەکرەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی
ئاراس
هەولێر - کوردستان

# مۆڵەتی یاسایی هەفتەنامەی (باسەڕە) و گۆڤاری (نەوشەفەق)





ئەو بابەتانەی لە باسەڕەدا بڵاو دەکرێنەوە نووسەرەکانیان لێیان بەرپرسیارن